د.مستەفا غالب
لە عەرەبییەوە:لوقمان رەئوف

# ئاشنابوون بە سوکرات

سەرپەرشتیاری پرۆژە:
ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

**ژیانی سوقرات**

لەبارەی ژیانی سوقراتەوە جگە لە شتێکی کەم، زانیاریەکی وا لە بارەیەوە نازانین، سوقراتْ لە ئەسینا و لە ساڵی 469 پ.ز لە دایک بووە، باوکی پەیکەرتاش بووە و دایکیشی مامان بووە، لە سەردەمی لاویەتیدا پەیوەندیکردووە بە سوپاوە، و بەهۆی ئازایەتی و بەتوانابییەوە زۆر چاوی لەسەر بووە.

دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتە پەنجا ساڵی(کزانتیبی) هێناو سۆزداریەکەی کـردی بە هاوسەرو توندوتیژیەکەشی کـردی بە ژنی ماڵەوە، یان دایک. هـاوارو شیڕەکانی وای لە سوقراتْ کرد ،کە وتە بەناوبانگەکەی بڵێتْ کە بـەردەوام نەوە دوای نەوە دەیڵێنەوە"کوڕەکەم ژن بهێنە ئەگەر لە ژنهێناندا سەرکەوتوبوویتْ، ئەوا بەخۆشی ژیان دەبەیتەسەر، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویتْ، دەبیتە فەیلەسوف"ویل دیورانتْ(1) لە نوسینی چیرۆکی فەلسەفە لەبارەی سوقراتەوە دەڵێتْ:"ئەگەر بۆمانکرا حوکم بدەین بە پشتبەستن بە پەیکەری ینویی(النحفی)کە لە نەحتی کۆن پێمان گەیشتووە دەڵێن "سوقراتْ لە جوانی بـەدوور بـووە(زۆر ناشرین بـووە) سەری ڕووتـاوە بووە و دەم و چاوی قۆقز و ناقۆڵا بووە، چاوەکانی زەقی دەرپەڕیوو بوون و لوتی زۆر گەورەو پان بووە، سەری ڕوتْ و گەورە بووە، ئەگەر جارێکی تر سەیری سەری بکەینەوە، ئەوە دەبینین کە مرۆڤێکی میهرەبان و ئاسایی بووە و لە ڕێگەی ئەو بەردە غەشیمەوە ئەوەش وای لەم بیرمەندە سۆزدارە کرد ، کە ببێتە مامۆستاو گەنجانی ئەسینا بۆلای خۆی ڕابکێشێتْ، تەنها شتێکی زۆر کەمی لەبارەوە دەزانین، ئەوە دەزانین کە خاوەن سۆزو خۆشەویستیەکی زۆر لەوە زیاتر ب

ووه لەوەی کە لای ئەفلاتونی ئەرستۆکراتی، یان ئەرستۆی زانا دەبینین.

به درێژای 23 ساڵدا کەسێکی ناشرین و پێڵاو لەسەر پێ و بەردەوام جلێکی چڵکن و پیسی لەبەردەکردو بەناو بازاڕ بە شێوەیەکی نارێک دەڕۆیشت، گوێی بە هیچ نەدەدا، کۆمەڵێک گەنجی لە خۆی کۆدەکردەوە، بە تایبەتی لاوە ڕۆشنبیرەکان و بەدەم پیاسەوە قسەی بۆ دەکردن، تاوەکو سوچە تاریکەکانی لای پەرستگاکەو داوای لێدەکردن گوزارشتەکانیان دیاریبکەن. ئەوانەی کە دەورەیاندا دەستی یارمەتیان بۆ درێژکرد، تاوەکو فەلسەفەی ئەوروپی دابهێنێت، لەناویشیاندا لاوی دەوڵەمەند هەبوون وەک ئەفلاتون و سبیادیس، ئەوانەی کە شیکاری گەرم و گوڕیان بۆ دیموکراسی دەکرد، هەروەها لەناو ئەمانەشدا سۆسیالەکان هەبوون لەوانە(ئەنتیستنیس) و ئەوانەی کە موعجیب بوون بە مامۆستای لاموبالی، ئەم هەژاریەیان کردە ئاین و جگە لەوەش لەناویاندا کەسی ئاژاوەگێڕ هەبوون وەک(کاریسنبووس) کە تەماعی لە جیهانێک هەبوو کە مرۆڤی سادەو بەندەی لێنەبێت، بەڵکو دەبێت هەموویان ئازادبن وەک سوقرات، هەروەها بۆ وێنەیەک کە غەم و خەفەت کارینێنەکات

لەگەڵ هەستنەکردنمان بە ژیانی ئەم فەیلەسوفە گەورەیە، دەتوانین لە ڕێگەی ئەو زانیارییە دەگمەنەی کە پێیگەیشتوین، دەتوانین بەڕاستی بەو کەسانەی دابنێین کە ژیانی لە پێناو ئەنجامی عیرفانی و بنەماکانی بڵاوکردنەوەی حەق و دادپەروەری و یەکسانی لەو ئاڕاستەیەوە کە کارلێکدەکات لەناوخۆیدا لە بەها چاکەکانەوە دەیکاتە(4) دیاری مرۆڤایەتی، مژدە دەداتە تاکەکانی مرۆڤایەتی بە بەهای باشە لەپێناو دژایەتی کردنی گەندەڵی و لادان و تاریکی

گومانی تێدا نییە سوقرات ئەو حەکیمە ڕەبانیەی کە زۆر پەیوەست بوو بە ئیمانەوە لەسەر بنەمای ئاکاری بەرز، لەوتەکانیدا جەختی لەسەر بنچینەی ژیان دەکردەوە، و لە سەرەتاوە داوای پێویستیەکانی یەکتایی دەکردەوە و هەرایەکی نایەوە لەسەر ئەو بیروباوەڕانەی کە باسی چەندیەتی ئیلاهیەت و ڕەبانیەتی دەکرد، چونکە یەکەم حەکیمی ڕەبانیە کە لانکەی بۆ دەرکەوتنی مەزهەبی مەسیحی ئاکاری دروستکرد، و لەسەر مرۆڤی زانای فەرزکرد کە لەگەڵ شەڕدا بەشەڕ مامەڵە بکات و هەوڵبدات بۆئەوەی بگاتە ئەوەی کە تاوان بە تاوان بێت

و خراپە بە خراپە.

سوکراڎ بە یەکەم مامۆستا دادەنرێڎ کە خۆشەویستی ڕاستی لەسەر مرۆڤ فەرز کرد، نەک بۆئەوەی هیوایەک بێڎ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی و یان بەدەستهێنانی سودێکی خودی، بەڵکو بۆ سیمای ڕاستی و بەرزکردنەوەی کرۆکی ڕاستی بێڎ، بە شێوازێک ئەو مژدەیەی لە قولایی دەروندا هەیە لە هەڵچونە یەکتاییەکان وا دەکاڎ کە داهێنانی ڕاستی و یەکتایەکی نەمێنێڎ.

ئاشکرایە کە پێش سوقراتی یەکەم مامۆستا کۆمەڵێک فەیلەسوف لە جیهاندا هەبوون و زۆریش لێهاتووبوون لەوانە(گالیس، هرقلیگ، منیدیس، فرینون) هەروەها فەیلەسوفە گەورەکانی وەک (فیساگۆرس، ئەمبدوکلیس) ، بەڵام زۆربەیان زانای فیزیایی بوون و سەرقاڵی چارەسەرکردنی کاروباری سروشتی و گەردوونی بوون بەدوای ئەو یاسا بوونە مادیەکاندا بوون کە شیاوی پێوانەن لەگەڵ کرۆکی ئەمانە.

سوقراڎ کاری لەسەر مانەوەی خود و بەرهەمی عیرفانی دەکرد و دەیوڎ ئەم کارە زۆر باشە، بەڵام سەبارەڎ بە حەکیم و فەیلەسوفە عاقڵەکانەوە بابەتێکی گرنگتر هەیە، گرنگیەکی ناکۆتای لە هەموو ئەو درەخڎ و بەردو حەتتا ئەستێرە و کەوکەبەکانی گەردوون، ئەویش عەقڵی مرۆڤ و ماهیەتی مرۆڤایەتییە ئەوەی کە لەوانەیە بۆی بگەڕێتەوە ،پاش ئەوەی کراسەکەی دادەکەنێڎ ،کە جیهان و گەردوون فەسادی(ژاب–داپۆشیوە)، کەواتە پێویستە لەسەرمان ئێمەی بڕیاردەرانی ئەم گەردوونە و فەلسەفەکانیان لەسەر ماهیەتی دەرونی مرۆیی و لابردنی دەمامک لەسەر گریمانەکان و گەیشتن بە یەقین، ئەگەر بۆمان ڕوونبووەوە کە مرۆڤەکان باسی دادوەری دەکەن، پێویستە لەسەرمان بە لەسەرخۆیی و بە ئێرامانەوە لێیان بپرسین کە ئەو دادوەرییە چیە کە لێیدەگەڕێن؟ ئامانجیان لەو گوتە پەتیە عەقڵیە چیە کە پێوەی پەیوەستن، لەم ڕوانگەیەوە بەرەو دۆزی ژیان و مردن دەڕواڎ؟ ئایا مەبەستیان چییە لەو وشانە، شەرەف، ئاکاریەڎ، فەزیلەو خۆشەویستی نیشتمان؟ مەبەستیان چیە لە دەستەواژەی خود ؟

ویل دیورانت(2) وایدەبینێڎ کە سوقراڎ لە ڕێگەی ئەم جۆرە پرسە ئاکاری و سایکۆلۆژیانەوە حەزی لە مامەڵەکردن بێڎ، بەڵام ئەوانەی کە پەیوەستن

بەم بۆچونەی سوقراتەوەو بە شوێن ئەوەوە بوون کە پێناسەیەکی وردو ڕاست پێشکەش بکەن لەگەڵ بیرێکی بێگەردا، ئەوانە ڕێگریان کرد لەوانەی شتیان دەوت بەوەی زیاتر پێشنیاری استفساراتی زۆرتر دەکرا، لەوەی کە وەڵام بخەنەڕوو، چونکە ئەمە وادەکات کە بیری مرۆڤ زۆر سەرقاڵ بێت لەوەی پێشتر لەسەری بووە، لەگەڵ ئەوەشدا سوقرات دوو وەڵامی زۆر دیاریکراوی بۆ فەلسەفە دانا بەتایبەتی بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە پرسیارە گرانەکانن، ئەوانە وەڵامێکن ئەوەندەی بریتین لە واتای فەزیلەت؟

لێرەدا باسێک نییە گرنگتر بێت لەمانە لە ڕۆڵەکانی ئەو نەوەی ئەسینا. سۆسفستاییەکان کە باوەڕیان لەناوبرد، لە ساتێک لە ساتەکانی دڵ ئەم نوخبە گەنجەی گەشاندەوە بە ئالیهەتی ئەولمب و شەریعەتی ئاکاری مەبەستدار تا ئاستێکی زۆر وەک لە ڕۆژانی ڕابردوودا. لە قبوڵکردنی و تەسدیقکردنی.

هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو مەترسیەی کە کۆنترۆڵی گەلی بەتەواوی کردووە، لەو هێزە گرنگە جۆراوجۆرەی کە لە هەموو شوێنەکاندا دابەشکراوە، ئاشکراشە هۆکارێک نییە وەڵامدانەوەی هەبێت تەنها ئەوە نەبێت مرۆڤ ئەوەی دەیەوێت بیکات، بەمەرجێک لە کارەکانیدا لە یاسا لانەدات و ئەمەش وایکرد تاکیەتی جیایی(هەڵوەشاوە) لەناو کۆمەڵگای ئەسینادا زیادکرد.

ئەوەی کە پەیوەستە بە دەوڵەتەوە، کام وتەو بڕیار لەوانەیە ببێتە گاڵتەجاڕترین لەو دیموکراسیەی کە غەوغا ڕێبەریدەکات و سۆز پێکیهێناوە، حکومەتیش پەیوەستە بە کۆمەڵگەی خاوەن مشتومڕەوە ئەوەشی گرنگی پێدەدرێت خێراکردن و دابڕینی ڕابەرە سەربازیەکان و لە سێدارەدانیانە، لەو دەستنیشانکردنە ناخۆکوژیە بەپێ ئەبجەدی و لە جوتیارو بازرگانە خراپەکانەوە، و ئەندامان لە دادگای باڵا لە وڵاتدا؟ چۆن دەتوانرێت گەشەی ئاکاری نوێ و سروشتی لە ئەسینا بکرێت، ئەی چۆن دەتوانرێت دەوڵەت ڕزگار بکرێت؟

وەڵام بۆ ئەم پرسیارانە پاڵی بە سوقراتەوە نا بەرەو لێواری مەرگ و لە باوەشکردنی خلود(3)هاووڵاتیە بە تەمەنەکان خەڵاتیان دەکرد ئەگەر هەوڵی گەڕانەوەی باوەڕی کۆنی بۆ خواوەندە جۆربەجۆرەکانی بدایە، هەرچەندە ڕابەرایەتی کۆمەڵێک خەڵکی ئازادی جۆراوجۆری بوارەکانی دەکرد و داوایلێکردن

بە پێشکەشکردنی شتە نزیکەکانیان ئەمە دووەم بۆ خواوەندی باوباپیرانیان. لەگەڵ ئەوەی سوقراتْ هەستی بەوە دەکرد ،کە ئەم کارە وەک سیاسەتێکی خۆکوژی وایە و هیوای نییە و وەک پێشکەوتنێکە بۆ دواوەوە و واتا بۆ دواکەوتەیی، گەیشتن بە وشکانیەکانی گۆڕەکان نەک بەسەریاندا تێپەڕین.

سوقراتْ باوەڕێکی ئاینی تایبەتی هەبوو، باوەڕی بە یەک خوای خۆی هەبوو، هیواخوازبوو کە بە شێوازێکی (منەوازیع) سادە بەوەی مردن بە تەواوی لەناوی نابات، بەڵام دەزانێت شەریعەتی ئاکاری بەهێزی بەردەوام، تەرکیزی ناخاتەسەر لاهوتیەکی گومانی تا ئاستێک گومانی لە کارەکانی هەبێت.

ئەگەر لە توانای پیاودا هەبێت دەسەڵاتێکی ئاکاری مۆرال دابنێت، مۆڕاڵیەکی ڕەها لە عەقیدەی ئاینی، سەبارەت بە مولحید ڕاستە، ڕاستیەکەی گەنجاوە بۆ لاواهیت بێت و بڕوات بێئەوەی کۆنکرێتی و ڕەهایی ئاکار لەدەست بدات و کەوا لە خەڵکی دەکات خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بێت لە کۆمەڵگەدا.

ئەگەر چاکە، بۆ نمونە واتا زیرەکی، هەروەها فەزیلە واتا حکمەت، ئەگەر لە توانایاندا هەبێت خەڵکی فێربکەن و ڕێنوێنیان بکەن کە بە ڕوونی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ببینن. و سەیری ئامانج و کردارە دورەکانیان بکەن، و حەزەکانیان پۆلێن بکەن و پاکیان بکەنەوە لە ئاژاوەی جێگیری خود. لەوانەیە ئەمە باوەڕ بە مرۆڤی ڕۆشنبیری سۆفستایی بێنێت کە پشت بە نەزانی دەبەستێت لەسەر ساڵانی ئەدەبی و دوبارەی رەتکراو لەسەر چاودێری دەرەکی لەوانەیە هەموو تاوانێک، هەڵەو گومڕاییەک بێت، خەونی بێلایەن شتێک نەبێت جگە لە بێعەقڵی؟ پێویستە لەسەر مرۆڤی زیرەک ململانێ توندە خودیەکان کە لەسەر نەزان پێویستە، بەڵام بە دڵنیایەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی بکرێت بە شێوەیەکی باشتر لەوە و لادان لەو چاولێکەریەو کەمتر بەکارهێنانەوەی لە کۆمەڵگەی یەساس یە زیرەکی -کۆمەڵگەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ تاک لە دەسەڵاتە فراوانەکان زیاتر لەوەی کە لێوەردەگرێت، لە ئازادی کۆت سودی هەموو مرۆڤێک لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی پەتی و جێگیر لەسەر پەیمان تەواو دەکات، لێرەشدا پێویستی بە هیچ شتێک نییە جگە لە ئاماژەیەک بۆ بیمەی ئاشتی و ڕژێم و نیازپاکی.

بەڵام ئەگەر حکومەت فەوزاو لە ڕوانگەی عەقڵەوە ڕەفزکرابێت، ئەگەر

حوكم بكاٹ بەبێ هاوكاری، فەرمان دەكەن بەبێ ئەوەی كارێک بكەن، ئیدی چۆن بتوانین خەڵكی قەناعەٹ پێبكەین لە دەوڵەتێكی وادا كە ملكەچی یاسا و لە چوارچێوەی بازنەیەكی باشی گشتی بەسودابن؟

بێگومان ئیدارەی دەوڵەٹ كارێكە خەڵكی ناتوانێٹ سەبارەٹ بەو زۆر زیرەک بن، كار پێویستی بە بیری وردو درشٹ هەیە، بیرێک كە ڕێگەكەی دووچاری كۆسپ و دەربەسٹ نەبێتەوە. ئەی چۆن دەتوانرێٹ كۆمەڵگە ڕزگار بكرێٹ ،یان چۆن كۆمەڵگە بەهێز دەبێٹ، ئەگەر باشترین كەسیان حكمەتیان پێشكەش نەكاٹ؟

ئەگەر هەوڵماندا بە چاوێكی خەیاڵیەوە سەیری پەرچەكرداری حیزبی گەلی لە ئەسینا بكەین لەسەر ئەم ئەنجیلە ئەرستۆكراتیە كە لەو كاتەوەی شەڕ دەستپێكرد، گوایە وەڵامی هەموو ڕەخنەیەک دەداتەوە، لەو كاتەوە كەمینەی دەوڵەمەندو ڕۆشنبیر هەوڵ بۆ هێنانەدی شۆڕش دەدەن، با لە هەستەكانی( ئانیتۆس)ی ڕابەرو گەورەی دیموكراسی كە كوڕەكەی قوتابی سوقراٹ بوو. بڕوانین یان وردبینەوە، كە لە خواوەندی باوباپیرانی خۆی هەڵگەڕایەوە و بە شێوەیەكی گاڵتەجاڕی بە ڕوویدا پێكەنین، ئەرستۆڤانس چاوەڕێی ئەنجامێكی لەم شێوەیەی نەدەكرد، بە گۆڕین و سەرنجڕاكێشان و جوانی بە سیمایەک بۆ شتە گرانبەها كۆنەكان بە زیرەكی دەستەواژەو هیچی تر.

كاتێک ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا و خەڵكی لە بەرەكانیدا دەجەنگا و هەندێكیش دژایەتی دەكـەن، شەڕێک بوو تا مـردن، كاتێكیش دیموكراسی سەركەوٹ، بڕیار لەسەر چارەنووسی سوقراٹ دراو لەسەر كارەكانی خۆی بەردەوام بوو، چونكە ڕابەری عەقڵانی حیزبێكی (شۆڕشگێڕ) بوو، هەرچەندە خۆی وەک كەسێكی خۆشەویسٹ بە ئاسایش و ئاشتی دەركـەوٹ، سوقراٹ سەرچاوەی فەلسەفەی ئەرستۆكراتی ناحەز بوو سوقراٹ ئەو كاتە ئێكدەر بوو بۆ كاتی زۆر بەكاربردن لە مشتومڕو گفتوگۆدا، چونكە(ئاینتۆس، میلیتۆس) دەڵێٹ (پێویستە سوقراٹ بمرێٹ)(4) لە نوسینەكانیدا كە لەسەر سوقراٹ نوسیویەتی بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە، كە تاوانبارە بە مولحدی، و سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاند، ژەهری خوارد ئەگەر چی دەستەوەستاو بوو، دوای مردنی

چەندین گێڕانەوەی جیاواز لەسەر ژیان و کارو هەڵسوکەوتی خرانە ڕوو، لەگەڵ ماهیەتی فەلسەفە عەقڵانیەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەی بیری لەوە نەدەکردەوە، کە بیرو بۆچوون و فەلسەفە عیرفانیەکەی بڵاو بکاتەوە، بەناوبانگترین گێڕانەوە لەلایەن سێ خوێندکاریەوە گێڕراوەتەوە کە لەگەڵی بوون و کردوویانەتە سەرچاوەی بیری و هەوڵدان بۆ چاکسازی دەوڵەت و کۆمەڵگە و ئاین کە خەڵکی ئەسینا بۆیان مابوویەوە لە باوباپیرانیانەوە.

ئەو سێ قوتابیەش(ئەرستۆفانس، ئەفلاتون، ئەکسانوفون)کە سودێکی زۆریان لەسەر زانستی عەقڵانی سوقرات وەرگرتبوو، ئەرستۆفانس شاعیرێکی(ڕەخنەگری شانۆ) هەزەلی بوو،لەسەر شانۆ چەندین جۆری ئاکاری خەڵکی لە چوارچێوەی شانۆدا دەخستەڕوو، یەکێک لە شانۆکانی تایبەت کرد بە سوکراتی مامۆستایەوەو تێیدا وەک یەکێک لە سۆفستاییەکان دەیخاتە ڕوو، ئەفلاتونی خوێندکاری دووەمیش فەیلەسوفێکی دەستڕەنگین بوو کتێبەکانی تایبەت کرد بە دیالۆگ و لە پشتیەوە وێنەی سوقرات هەیەو بیرەکانی دەخاتە ڕوو، لەگەڵ خستنە سەری ئەوەی کە خۆی دەیەوێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندووی پێببەخشێت و ببێتە نمونەیەکی زیندوو، بەڵام ئەکسانوفون ئەدیبێکی فەیلەسوف بوو، یادەوەریەکانی(مژکرات) سوقراتی کۆکردەوەو پەندێکی ڕاستەقینە نادۆزینەوە، کە ڕێگەی بەردەممان ڕووناک بکاتەوە بۆ تەواوکردنی زانیاریە تەواوەکان و بەخشینی ڕوناکی لەسەر ژیانی ئەم فەیلەسوفە. سادەیی تێدا زەقکردوەتەوە بە شێوەیەک ناوبانگی تا ئاستێکی نزم پێگەیاند و وێنەیەکی تا ڕادەیـەک خراپی پیشاندەدا و ئەوەی لێکدەدایەوە کە سوقرات لە مەترسیدا بووە.

ئـەم مەترسیە دەگـەڕێـنـەوە بۆ گێڕانەوەی ئەفلاتون کە پشت بە زیادەڕۆییەکی بەریئی دەبەستێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نوسیراوە سەرەتاییەکانی سەدەی سوقرات، لەسەرو ئەمانەشەوە هەندێ ئاماژەی ئەرستۆیی ڕاشکاو دەخاتە سەر، کە مەزهەبی سوقرات و فەلسەفەی عیرفانیمان بۆ وێنا دەکات.ئەوەی کە جێگەی مشتومڕ نییە ئەوەیە، کە سوقرات حەزەکەی لە تەمەنی پێشوەختدا لە سەرچاوەی فەلسەفەدا دەرکەوت، ئەمەش لەژێر کاریگەری فیساگۆرسی و ئورفی لە ئەسینادا. بەردەوام عەقڵ و بیری بەهۆیەوە دەکرایەوە و فەلسەفەی بەوە

دەناسی کە فەلسەفە تەواوکاری زانستە لە پێناو تەواوکردنی کاردا، لە ڕوانگەی عەقڵیەوە سودی لە مەنهەجی سۆفستاییەکان وەرگرت، بۆئەوەی، مەنهەجێک بۆ خۆی بنیادبنێت و گومانەکان بڕەوێنێتەوە، کاری لە سروشت و بیرکاریدا دەکرد، بەڵام تێیدا قوڵ نەدەبویەوە، ئەویش بەهۆی بوونی جیاوازی لە نێوان سروشتیەکاندا وڕەزامەندبوون بەوەی کە زانست بریتییە لە زانستی دەروونناسی لە پێناو پێوانەکردنی، و گواستنەوەی لە ئاستی هەستان بە هێز بۆ ئاستی هەستان بە کردار لە ڕێگەی سودی عەقڵی و زانستی عیرفانیەوە، ئەو وتەیەی کە لە پەرستگای دلف خوێندیەوە" خۆت لە ڕێگەی خۆتەوە بناسە" و لە ڕوانگەی ئاکاریەوە بەسەر مەزاجی توندیدا سەردەکەوت، زۆری لە جەستەی بەهێزی دەکرد بۆ ئەوەی ملکەچی عەقڵ بێت.

کاتێکیش بەپێی ئەو تەرکیزکردنەوە لە بیرەکانی ناخی، کە کارلێکیانکردبوو لەناخیدا، دوو ئەسینی لەگەڵیدا هاوکاریان دەکردلە کارە فەلسەفیەکانیدا کە سۆفستاییەکان لە ڕوانگەی ئەدەبی و ئاکاری و کۆمەڵایەتیەوە پێی کاریگەربوون. ئەسینیەکان پێیڕازیبوون سەرەڕای دروستکردنی دەمامک و پێکهێنانی سیما، بە قسە ڕەوانەکانی سەرسام بوون ،هەروەها شێوازی زۆر ئاسان بوو، سەرقاڵی گفتوگۆو مشتومڕ بوو، سوقرات قوتابخانەیەکی فەلسەفی دیاریکراوی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ خەڵکیدا لەو شوێنەدا کۆدەبوونەوە ،کە ڕێدەکەوتن و هەرلەوێدا وتارو گفتوگۆو مشتومڕی لەسەر هەندێ لێکدانەوەی ئەنجامی شیعریی دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زنجیرەیەکی تایبەتی هەبوو لە دەوری ئەو خوێندکارانەی سودیان وەرگرتبوو کیشابوو، لەوانەش ئەسینیەکان ، هەروەها خەڵکی دەرەوەش کە جاربەجار سەردانی ئەسینایان دەکرد گوێیان لێدەگرت، هەروەها خوێندکارە نوێیەکانی کە سەرقاڵی عیرفانی بوون، لەگەڵ ئەمەی هەیان بوو ناسرابوون بە لایەنگریان بۆ خوێندنگەی تر.

سوقرات حەزیدەکرد قسە بۆ ئەو گەنجانە بکات کە سۆفستاییەکان کارەکانیان خراپکردبوو چاک بکاتەوە، و ڕێنویان بکات بۆ مەسەلە حەق و چاکەو جوانەکان، بۆئەوەی ئامادە بکرێن بۆ وڵات لە ئایندەدا و بەوهۆیەشەوە وڵات بگەشێتەوە، باسی لەوە کرد ئەگەر یەکێک لە خوێندکارە کاهنە کچەکان(دلف)

ناگق بوو بە سروشتی ئۆپۆلۆن، ئەگەر یەكێک هەبێت لە سوقرات دادوەرتر بێت، وەڵامەكەی بە نەگەتیڤ دایەوە، سوقرات سەری لەوە سوڕما، چونكە لە خودی خۆیدا هیچ شتێكی لەبارەی فەلسەفەوە نەدەبینی. سوقرات دەیویست مەبەستی خوداوەند بزانێت، بۆیە تاقیكردنەوەی بە شاعیرەكان و وتاربێژەكان و هونەرمەند و سیاسیەكان دەكرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت كە ئایا حكمەت و مەعریفەیان هەیە یان نا؟ لە كۆڕو كۆبونەوەكاندا لێیانی دەپرسین چی لەبارەی زانستەوە دەزانن و پێیانوابوو كە شتێكی وا نازانن و ئەوەی دەریدەكەن و بڵاویدەكەنەوە تەنها تەخمینكردنە، یان ئیلهامی خواوەند و هەردووكیشیان پێچەوانەی زانستن.

لە ئەنجامی ئەم تاقیكردنەوەیە ئەوە ڕوونبوویەوە كە موورادی خواوەند ئەوەیە كە حكمەتەكەی لەسەر زانستەكەی وەستاوە بە نەزانینی، بەڵام نەزان ئەوەی گۆڕی كە پێیدەڵێن زانست، ئەوەش لە كارەكەیدا تێپەڕی كە فەلسەفە پێشكەش بكات بەبێ نرخ و بەها، ئەو پێیوابوو ئەمانەتی ئاسمانی لە گەردنیدایەو دەبێت جێبەجێیبكات، خواش بە بەڕێزی گشتی و بە خۆڕایی و ڕازیبوون بە هەژاری دروستیكردووە و حەزی لە چێژی دنیایە بۆ ئەوەی پەیامەكەی بگەیەنێت. لەپاڵ ئەمەشدا نیشتمانپەروەرێكی ڕاستگۆو سەربازێكی ئازا بووە و بەشداری دوو شەڕی كردووە، یەكەمیان لە ساڵی 342 بۆ 429، دووەمیشیان لە ساڵی 422، لە هەموو بۆنەكاندا.... لە یەكێک لە شەڕەكاندا لە مردن ڕزگاری بوو(1) كەسانوفون لە یەكێكی تردا توشی(قرحە) بوو چووە ئەنجومەنی پیران، بە نەزاهەو سەربەخۆیی بیروبۆچوون لە نێوان ئەرستۆكراتیەكان و دیموكراتیەكاندا ناسرابوو، چونكە هەڵوێستی دیارو ئاشكرای هەبوو لەسەر حەق و دادوەری و ئامانجداری مەترسییەكی توند بوو دوای ئەوەی ماوەی هەڵبژاردنەكەی تەواو بوو گەڕایەوە بۆ سەردەمی پێشوی و گەڕان و ڕێنوێنیكردن هەتا گەیشتە (70)ساڵی.

### سوقرات و بیری عەقڵانیی

ئەوەی كە دەیزانین ئەوەیە كە لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆ ئەفلاتونیانەی كە ئەفلاتونی خوێندكارو هاوەڵی نوسیەتی سوقرات شێوازێكی نوێی لە فەلسەفە عیرفانیەكەیدا دۆزیـەوە، لە ژێر ڕوناكی ئەو زانیاریەی كە لەسەری هەمانە،

دەتوانین بڵێین سوقراٹ مەبەستی بوونێرامان و داهێنان بکاٹ، لە قۆناغی نێراماندا بێعەقڵی بەرهەمدەهێنا، و دژی ئەو بڕیارانە بوو کە لە مشتومڕەکاندا دەیبیست، دواتر بە مەبەست کۆمەڵێک پرسیاری دەکرد و بابەتە گوماناویەکەی دیاریدەکرد، کە هەموو سود وەرگیراوێک (مستفیدیک) پۆلێن بۆ سودمەنیەکان دەکاٹ، بۆ ئەوەی هەڵگەڕێنەوە لە قسەکەیان بۆ قسەی پێویست، بەڵام بڕوایان تەسلیمی نابن و دەیانخاتە دژیەتییەوە و ناچاریاندەکاٹ دان بە نەزانی و بێعەقڵیدا بنێن.

نێرامانی سوقراتی برێتییە لە پرسیار لەگەڵ دروستکردنی نەزانی، یان بێئاکایی لە جیهان.(5) ئامانج لەوەش کورتکردنەوەی عەقڵەکانە لە زانستی سۆفستاییەکان کە لەو سەردەمەدا ناسرابوون. و ئامادەکردنی خەڵکی بۆ قبوڵکردنی ڕاستیەکان، کە دواتر سوقراٹ ئاسانیان دەکاٹ بە شێوازی لێهاتویی ناسراو بە نهێنی و لەپشٹ بیرە پێشنیارکراوەکان بۆ مشتومڕو گفتوگۆ.

دوای ئەوەی سوقراٹ ئامانجەکانی دێتە دی ،پێشنیاری پرسیار دەکاٹ و اعتراز‌ەکان پێشکەشدەکاٹ بە شێوەیەکی پتەو و ڕێکخەر و لۆجیکی، و ڕێکخراوە هەستەکان دەهەژێنێٹ(6) ،ئەو کاتە ڕاستیەکان دەردەکەون بە شێوەیەکی ڕوون و دیار و وایدادەنێٹ کە هەوڵەکانی بە خودی خۆی ئاشکرایکردوون لەبەر ئەوە وا هەستدەکەین سوقراٹ لەم مەبەستەدا دەیەوێٹ بڵێٹ پیشەسازی گەل بەناوبانگ دەکاٹ، هەرئەمەش ژمارەی کەسەکان بەرهەمدێنێٹ و سروشتیان دروستدەکاٹ.

فەلسەفەی سوقراٹ شتێک نییە جگە لەوەی وایدەبینێن ،کە هەموو شتێک سروشتی یان ماهیەتی برێتییە لە حەقیقەتەکەی، عەقڵی مرۆڤ دەتوانێٹ بیزانێٹ و ئاشکرای بکاٹ، لە پشٹ دەرکەوتە هەستپێکراوەکانەوە ،کە بە سنورداری گوزارشتی لێدەکاٹ، و مەبەسٹ(غایە)ی زانسٹ درکپێکردنی ماهیەتەکانە، واتە پێکهێنانی واتای تەواوی سنوردار.

شتێکی ئاشکرایە کە سوقراٹ لە فەلسەفەکەیدا پشتی بە هەڵێنجان دەبەسٹ و دواتریش بە شێوەیەکی پلە بە پلە لە لاوەکیەوە دەچێٹ بۆ ماهیەتی هاوبەش لە نێوانیاندا و هەموو گفتوگۆیەک دەگەڕێنێتەوە بۆ سنورێک و ماهیەتێک

و دەپرسێت چاک(خیر) چیە و خراپە(شەڕ) چیە، دادوەری چیە و تاوان چیە؟ حکمەت و شێتی چین، ئازایەتی و ترسان چیە، تەقواو ئیلحاد چیە......تاد، بۆیە هەوڵی دەدا سنورێکی گشتی و سنوردار بۆ وتەو ماناکان دابنێت، هەوڵی دەدا ڕەگەزدۆزی و هەمەچەشنی و بۆشنەکان زیادبکات، بۆ ئەوەی ڕێگری لە تێکەڵی لە نێوانیاندا بکات، لە کاتێکدا سۆفستاییەکان سودیان لە هاوبەشی کردنی وتەکان و قوڵی واتاکان وەردەگرد و ڕایاندەکرد لەو سنورەی کە ئەو تێکەڵکردنە ئاشکرا دەکات، یەکەم کەسەکە داوای داوای ئەوەی کرد کە سنوری گشتی داوایەکی قورس وبە شێوەیەکی هەڵێنجان هانایان بۆ بردووە، لەگەڵ ئەوەی زانست لەسەر ئەم دوو کۆمەڵەیە دەبێت:

ئاستەکان بە شێوەی هەڵێنجان بەدەستدێنێت، پێوانەکە بە شێوەی ئاستی دەکات، فەزلەکەش بەهۆی ئەم دووکارەوە بۆی دەگەڕێتەوە.

بۆ ئەو دۆزینەوەیەی ئاست و ماهیەت کە گەورەترین کاریگەری لەسەر ئایندەی فەلسەفە و ڕێڕەوەکەی دانا، بە شێوەیەکی کۆتایی جیاوازی(7) لەنێوان بابەتی عەقڵ و بابەتی حسدا کرد، گۆڕانێکی بنەڕەتیان بە گیانی زانست بەخشی، چونکە ئەگەر ئاست بە مەرج دابنێین بۆی، ئەوەی لێدەسێننەوە کە کۆمەڵێک ماهیەتە، و لە وتەی چەندیەتییەوە گۆڕی بۆ وتەی چۆنیەتی کە سروشتیەکان و فیساگۆرسیەکان لەسەری مانەوە، کە بریتیە لە ئامادەبوونی فەلسەفەی ماهیەت، کە لای ئەفلاتون و ئەرستۆ بەرز ڕاگیراوە و کە تێیدا کۆمەڵێک شتی عەقڵی و مەعقول دەبینێت.

دوابەدوای ئەوەی سوقرات بەگشتی لە سروشتیات و بیرکاری دوورکەوتەوە، گرنگیدا بە ڕۆچوون لە قوڵایی مرۆڤ(8)، بەهۆی ئەمەشەوە فەلسەفەکەی لە چوارچێوەی ئاکاردا سوڕایەوە، بەهۆی ئەوەی کە گرنگترین شتە کە تێڕوانینی مرۆڤی لەسەرە، ئەمەش واتای وتەکەی(شیشرۆن)ە کە سوقرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەرزەوی، واتا تێڕوانینی مرۆڤی لە گەردوون و ڕەگەزەکانەوە گواستەوە بۆ دەرونیەتی مرۆڤایەتی، ئاکاریش لە ماهیەتی مرۆڤدا دەسوڕێتەوە، لەم بارەوە سوقرات دەڵێت:"مرۆڤ گیان و عەقڵەو کۆنترۆڵی هەستەکان دەکات و بەڕێوەیان دەبات، لەگەڵ یاسا دادپەروەریەکان کە لە عەقڵەوە دەرچوون،

و بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕاستیەکانی سروشتدا، کە بریتییە لە وێنەیەک لە یاسای نەنوسراو کە خواوەند وێنەی کێشاوە، لە دڵی مرۆڤدا، ئەوەی ڕێزی یاسا دادوەریەکان بگرێت، ڕێزی عەقڵ و ڕژێمی ئیلاهی دەگرێت، هەندێکیش سەرپێچیان کرد، بەهۆی ئەوەی هیچ خراپەیەکی نەبوو لە دنیادا، بەڵام وەرگیراوە لە چیرۆکە دادوەریەکان، کە مەحاڵ نییە لە ژیانی داهاتووی مرۆڤ بەردەوام چاکەی دەوێت و لە شەڕ ڕادەکات، ئەوەی ماهیەتی بۆ دەرکەوت و چاکەی ناسی، ئەوە مرۆڤەو دەیەوێت، بەڵام شەهوانی ئەو پیاوەیە کە خۆی و چاکەکەی نەزان دەکات، دروست نییە کە بە دەستی قەستی شەڕ بنێتەوە. لەسەر ئەمەش فەزیلەتی زانست و رەزالەتی نەزانییە.

ئەم بیرە سوقراتییە مەزن و یۆتۆپیا چاکەیە بەڵگەی ئەوەیە کە باوەڕی سوقرات گەیشتوەتە عەقڵ و خۆشەویستی بۆ چاکەو فەزیلەت. و دوورکەوتنەوە لە شەڕو رەزالەتی، شتێکی ڕوونە ئەو بیرانەی کە سوقرات لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ (ئوتیگۆن) خستونیەتەڕوو، بیرەکانی سوقرات لە ئاییندا بەرجەستە دەبن کە ڕەفزی ئەوە دەکات کە بڕوا بەوە بکات کە باس لە مەسەلەی شهوانی خواوەندەکان و ژنەکانە دەکات، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا دین لە بنچینەوە هەرەسدێنێت، ئیدی ئەوە نازانین کام کار گونجاوە لە ڕوانگەی خواوەندەوە(الالهە)و کامەی گونجاو نییە، یان ئەگەر کارێک لای یەکێکیان باش بێت، مەرج نییە لای ئەوی تریان خراپ بێت.

لەلای خۆیەوە سوقرات وایدەبینێت، شتێک نییە جگە لە تەکریمکردنی ویژدانی پاک بۆ دادوەری خواوەندی، نزیکیەتی و خوێندنی سەلەوات لەگەڵ ئاوێتەکردنی دەروونی رەزیلی ، لەسەر ئەوە سوقرات پێیوایە خواوەند چاودێریمان دەکات و ئەوانیش بۆ هەریەکەمان ماهیەتی دیاریکردووە، بڕواو ئیمانی بە خلود هەیە، و پێیوایە دەروون و گیان لە جەستەیەکەوە بۆ یەکی دی جیاوازە و پیس و گەندەڵ نابێت بە گەندەڵبوونی ، بەڵکو بە مردن لەو بەندیخانەیە ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ پاکی و سروشتی خۆی.

ئەگەر نەڵێین هەمووی، بەشێکی زۆری بیری سوقرات باس لە زەروریەتی پاکردنەوەی دەروونی مرۆڤایەتی دەکات؟ ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەسەر

هێزی کەم وەستاوە، بۆئەوەی فێری بکاث و هاوکاری بکاث بە عیرفانیەث و عەقڵانیەث بۆ ئەوەی لە ئاستی هێزەوە بیگوازێتەوە بۆ ئاستی کردار ، بۆئەوەی خۆشی و میسالی و تەواویەتی ڕەها لە کردارو ڕەوشث و کاری یەکتاپەرستی داماڵێث و نەزیهی دەستەبەر دەکاث، لەسەر هاوکاریە بەهێزیەکان لە بنەما ئاکاریەکان، و ماسکە مرۆییە چالاکەکان لە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

### ئۆتیگۆن و سوقرات

ئەوەمان خستەڕوو ،کە گفتوگۆ ئەفلاتونیە عەقڵانیەکان کە ئەفلاتون نوسیبوونی بە وردی بەرجەستەی ڕوانینی میتای فەلسەفەیی سوقراث دەکاث کە لە خۆیدا ڕەنگیدابوویەوەو لەناو قوتابی و موریدەکانیدا جەختی لەسەر دەکرایەوە و گفتوگۆکانی ئۆتیگۆن باس لە چیرۆکی سوقراث دەکاث ،پێش ئەوەی لەبەردەم دادگادا بڕیار لەسەر لەسەر لەسێدارەدانی بدرێث، بەتاوانی دووڕوویی کە کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەسینا بۆیان دروستکردبوو، قوتابیە دڵسۆزەکەی سوقراث ویستی بە تەواوی رادەو ئاستی نەزانینیان بۆ ئەو تاوانەی کە بۆ مامۆستاکەیان دروستکردبوو وەک خۆی بخاتەڕوو، گێڕانەوە شێوازی سومبولی وەرگرتووە، لەوانەیە بە فیعلی لە خێزانی ئۆتیگۆن دا ڕوویدابێث، ئەمڕۆش وەک دەرفەتێک بۆ گفتوگۆکانی، پاڵەوانەکەی پیاوێکە خەڵکی ئەسینایە، و بەهۆی عەقڵی بەهێزیو زانستە باڵاکەی و باوەڕە ئاینیەکەی دەرکەوث کە، بەرزەکە ئەویش(ئۆتیگۆن)ە.

ئەفڵاتون وا نیشانیدەداث کە ئۆتیگۆن سوقراتی لە یانەی گەورەی قازیەکاندا بینیوە، و لەو کاتەدا هەریەکەیان لای هەمان قازی کێشەیەکیان هەبووە کە مەبەستێتی ڕاپەڕێنێث، سوقراث لەپێناو دۆزەکەدا هاث کە بە بێباوەڕ تاوانبارکرابووئەوەی ئەم سکاڵایەی لەسەر بەرزکردبوەوە (ملیتس) بوو، بەڵام ئۆتیگۆن هاث دۆزەکە لەسەر باوکی بەرزبکاتەوە کە تاوانبار بووە بە کوشتن. درێژەی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە پیاوێکی هەژار کە خزمەتی خێزانی ئۆتیگۆنی دەکرد، بەندەیەک لە بەندەکانی کوشث لە (ناکسوس) باوکی ئۆتیگۆن فەرمانی کرد کە بکوژ ببەسترێتەوە و بخرێتە چاڵێکەوە وەک سزا، تاوەکو زانایانی ئاینی لە ئەسینا بڕیار لەسەر سزای ئەم بکوژە بدەن، بەڵام بەهۆی سەرماو برسیەتییەوە

مرد، بەهۆی ئەمەشەوە ئۆتیگۆن بەبێ دوودڵی سكاڵای لەسەر باوكی تۆمەتباركرد لە سكاڵاكەدا باوكی بەوە تاوانبار دەكات، كە بووەتە هۆی كوشتنی بەندەیەك.

كاتێك سوقرات بەمەی زانی، و پێشكەشكردنی سكاڵای كوڕێك لەسەر باوكی، ئەوەی بۆ ڕونبوویەوە كە ئۆتیگۆن بەڕاستی زانایە ،كە بە ماهیەتی چاكەو خراپەو تەقواو درۆ هەڵبەستن لە دەرگای زانستی داوە، ئەگینا ئەو تاوانە مەترسیدارەی نەدەخستە ئەستۆی باوكی ،كە هۆكاری هێنانەكایەیەتی لە دنیای گەندەڵی، مادام سوقرات لەنێوان دووڕوویانێكدا بەوەی لە دادگادا تاوانبارە بە درۆ هەڵبەستن، و كە وایلێدەكات چاكەیە چاوی بە ئۆتیگۆن بكەوێت، بەڕاستیەكەی تەقواو درۆهەڵبەستنەی زانی، خۆزگە لەكاتی دادگاییەكەیدا سودێكی لێوەربگرێت و ئەوەندە هەیە كە وەڵامی دادوەرەكان بەڕای ئەم پیاوە بداتەوە، دادوەرەكان هەوڵنادەن جگە لە تەسلیم و قبوڵ.....كەوایە تەقوا چییە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە كە سوقرات كردی، و ئۆتیگۆن وەڵامی دایەوە كە تەقوا ئەوەیە كە دروست دەكات وەك ئەو دروستی كرد، واتا باوكی تاوانباركرد، (ئەگەر هەڵە بێت) بەتاوانی كوشتن، ئەگەر ئەوەی كردبێت، ئەوا شوێنپێی خودی خواوەندەكان، لەبەر ئەوە ئەوەی (زیوس) دروستیكرد بۆ (كرونوس) و ئەوەی كرونوس دروستیكردبوو بۆ (ئۆرانۆس).

سوقرات لەم چیرۆكانە لەسەر خواوەند نەدەگەیشت تاوەكو ڕقی بۆئەم شتە خورافیات و ئەفسانییانە دەربڕی، و زیاتر پەیوەست بوو بە ڕاستگۆییەكەی ئۆتیگۆنەوە و پێیوایە كە ئەمە ڕاستیەكی ڕاشكاوانەیە، دەیەوێت خۆی ئامادە بكات تاوەكو شتی زیاتر لە بیستراوەكانی سوقرات بگێڕنەوە، بەڵام سوقرات بە هاوەڵی دەیگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری یەكەم: لەسەر تەقوا كە چییە؟ ئەگەر بەمە وەڵام بداتەوە كە كارێكە لەو كارانەی كە ئەو كردی بەوەی پیاو باوكی خۆی تاوانباربكات، ئەگەر باوكی تاوانباربێت، بەڵام ئەو بەمە شتێك زیاد ناكات لە خستنەڕووی پەندێك لە پەندەكانی تەقوا، لەوانەیە ئەم وتەیە پێناسەیەكی گشتیش نەبێت بۆی.

ئۆتیگۆن وەڵامـدەداتـەوە ،كە تەقوا برێتییە لەوەی كە لای خواوەند خۆشەویست و بەڕێزە، درۆ هەڵبەستن(فجور) بەڕێز نییە لەلایان، بەڵام سوقرات

دڵنیا نابێت لەم وەڵامە، ئایا نابێت خواوەندەکان جیاوازبن لە بۆچوندا، وەک چۆن خەڵکی جیاوازن لەگەڵ یەکتردا؟ ئەگەر ئەمە دروست بێت و گومانی تێدا نەبێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە چاکەو خراپەوە، ئەگەر چاکەو خراپە لەسەر قاعیدەیەکی جێگیر نەوەستابێت، لەوانەیە ئەم لێکدانە لەوپەڕی جیاوازی دا بێت، کە دوژمن و شەڕ دەوروژێنێت، کەواتە کردارێک لای خواوەند بەڕێزە لای یەکێکی تر بەڕێز نییە، بەپێی ئەم حسابەش بێت کردارەکە یەکە لە کات و ساتێکدا، بۆ نموونە تاوانبارکردنی باوکی لەلایەن ئۆتیگۆنەوە، ئەم کارەش هاوکاتە لەگەڵ ڕازیکردنی دەرووندا(زیوس)، چونکە زیوس لەبەرامبەر باوکیدا کارێکی بۆ دەروون کرد، بەڵام (کرونوس) یان(ئورانوس) تووڕە دەبێت، چونکە لەلایەن کوڕەکانیەوە هەمان حاڵەتیان بەرامبەرکراوە.

ئۆتیگۆن وەڵامدەداتەوە کە خواوەند و خەڵکی بەگشتی جیاوازنین لە وەڵامدانەوەی چیرۆکی بکوژەکەوە، سوقراتیش هاوڕایە لەگەڵ ئەمەدا، بەڵام مەرج بۆ ئەم کۆبەندییە دادەنێت لەبەرامبەر دیاریکردنی سزا بۆ ئەم تاوانبارەو بۆی بیسەلمێنێت کە بەڕاستی پیاوکوژە، ئەگینا تاوانبارکردنەکە دەبێتە گومان، ئەگەر سەیری دۆزی ئۆتیگۆنمان کرد لەسەر باوکی و سەیری هەموو ئەو شتانەی کە چواردەوری ئەم دۆخەیانداوە، دەتوانین ئەو بەڵگەیەمان دەستبکەوێت کە باوکەکە ئەم تاوانی کوشتنەی ئەنجامداوە، حەتتا خواوەندەکان بەگشتی لەسەر سزاکە ڕەزامەندن لە کرداری ئۆتیگۆن؟ سوقرات ڕادەهێنێ و هەموارکردنێک پێشنیاز دەکات لە پێناسەی تەقواو فجور بۆئەوەی سیغەکەی بگۆڕێت بە"ئەوەی خواوەندەکان کۆدەکاتەوە لەسەر خۆشەویستی ئەوە تەقییە، بەڵام ئەوەی لەسەر ڕق کۆیاندەکاتەوە ئەوە فاجرە، ئۆتیگۆن لەسەر ئەم هەموارکردنە لەگەڵی بوو.

سوقرات ماوەیەک سەرقاڵی شرۆڤەی سیغەیەکی نوێ دەبێت، وایدەبینێت هەندێک جار پێش کرداری حاڵەتەکە دەکەوێت، لەسەر ئەم بنەمایەش لای خواوەند خۆشەویستە، چونکە یەکەمجار خۆشیدەوێت و پێچەوانەکەی ڕاست نییە، واتا ئەوان خۆشیان نەدەویست، چونکە لایان خۆشەویست بوو، بەڵام کرداری تەقی خواوەندەکان خۆشیاندەوێت بەهۆی تەقواکەیەوە، ئەمەش یەکسانە وتەکەت و ئەوان خۆشیان دەوێت، چونکە لایان بەڕێزە، لێرەدا شتێکی دژوناڕوون هەیە،

بۆیە بۆمانی ڕوونکردوەتەوە لە ماوەی کورتدا کردار پێش حاڵەتەکەی دەکەوێت، بەمەش یەکەمجار شت خۆشەویستە و دووەمجار بەڕێزە، بەڵام ئەم پێناسە نوێیە ماناکەی وەک بینیمان، شتەکە بەڕێزە لای خواوەند یەکەمجار خۆشەویستە لە پێناوی ئەوەدا لێرەدایە کە ئۆتیگۆن هەستدەکات ،کە تووشبووە بە شێوازێک کە پێشتر وێنەی نەبووەو ئیعتراف بۆ سوقرات دەکات، کە وتەو لێکدانەوەی ئاڵۆزی ناجێگیری پێشکەش نەکردووە، بەڵکو وا هەستدەکات لە ڕێگەی بەڵگەکان بەسەریدا زاڵە و بەڵگەکان لە دەستی چوون و لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە وەک تارماییەکان(شبح)کانی (دیدالس)دەیکەن. کە لە ئەفسانەکاندا باسی لێوەدەکرێت، شتێکی سەرسام نییە کە سوقرات کاریگەر دەبێت بە وتەی گفتوگۆکان ئەم بارودۆخەو سەردەمەکە ئەو لە وەچەی (دیدالس)هاتوەو ئەوە دەخاتەڕوو کە لە باپیرە گەورەکەیەوە ئەم هونەرەی وەرگرتووە، بەڵام سوقرات گوێ بەم شتە نادات و ئەو پرسیارانە لە شێوەی تردا دەکات و دەڵێت:“ئایا هەمووان موتەقی و دادپەروەرن؟ ئۆتیگون بە بەڵێ وەڵامدەداتەوە. پرسیاری دووەم بەردەوام دەبێت، ئایا هەموو تەقیەک دادپـەروەرە؟ بە نەفی وەڵامدەداتەوە. سوقرات پرسیاری سێیەم دەکات: باشە چ بەشێکی دادوەری دەبێتە تەقوا؟ ئۆتیگۆن وەڵامدەداتەوە کە تەقوا لایەنێکی دادپەروەرییە، خزمەتی خواوەندی پێدەکەین، هەروەها دادپەروەری لایەنێکی ترە کە خزمەتی خەڵکی پێبکەین، بەڵام ئایا لە خزمەتی خواوەندا چیماندەوێت؟ ئەگەر وشەی خزمەتمان وت لەوەی کە پێشکەشی دەکەین لە هاوکاری بۆ سەگەکان و ئاژەڵ و خەڵکی، ئەوا دەمانەوێت سودێک بەوانە بگەیەنین لە خزمەتکردن، ئەگەر کردارەکانی تەقوا بریتیبن لە خزمەتی خواوەند، ئایا ئێمە دەمانەوێت بەم خزمەتکردنە سود بە خواوەند بگەیەنین؟ ئۆتیگۆن ڕوونیدەکاتەوە ئەو کارەی کە بۆ سوقرات دروستبوو، دەیەوێت لە ڕێگەی دروشمی تەقواوە ئەو کردارانە کە لە بەرامبەر خواوەندا عیباداتەکاندا دەیکەین، سوقرات درێژە بە ئیعتیرازەکان دەدات بەوەی (خزمەتەکان) کە جوتیارو دکتۆرو وەستا پێشکەشی دەکات مەبەستێکی هەیە، هەر حاڵەتێک مەبەست لێی خزمەتکردنی خواوەندە، ئایا خزمەتەکەمان لەسەریان چی دەگەیەنێت؟ ئۆتیگۆن پۆزشدەهێنێتەوە کە کاتەکە کورتە، ناتوانین وەڵامی پرسیاری وا بدەینەوە، جگە

لە بیرکردنەوەو ئەکبیرکردن، بەڵام بەهەرحاڵ دەتوانین لە یەقیندا بڵێین، کە تەقوا ئەوەیە چۆن خواوەند بە وتەو کردار ڕازیبکەین.

مەبەست لە نوێژو پێشکەشکردنی نزیکایەتی، ئەم وتەیە سوقرات وا لێکدانەوەی بۆ دەکات کە تەقوایە، کەوایە برێتیە لە "زانستی وەرگرتن و بەخشین" داوا لە خواوەند دەکەین ئەوەی کە دەمانەوێت، ئەوەمان لێیان دەوێت لە بەرامبەر ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، مەبەستم ئەوەیە شێوازێک لە ڕێکەوتنی بازرگانییە لە نێوان خواوەندو خەڵکی دا، بەڵام پێشێلکردنی مافی یەکتری بە خواوەند، چونکە ئەوان چاکەمان پێدەبەخشن، بەڵام ئێمە چیان پێدەبەخشین لەچاکە لە بەرامبەر ئەوەی پێماندەبەخشن؟ئۆتیگۆن ڕەخنەی لێدەگرێت و دەڵێت ئەگەر چاکەیەکمان پێشکەشنەکردن، و ئەوا لە ڕوانگەی شەرەفەوە لەوان جیاوازین، سوقرات لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت" کەواتە ئێمە شتێکیان پێنابەخشین سودی لێوەربگرن، بەڵام ئەوە دەکەین کە بەڕێوەیاندەبات، کە لایان بەڕێز نییە، بەڵام ئەوەی پێیهەسناین، بەڵگەی گەندەڵی پێشوەختیانە.

سوقرات لە پرسیارەکەیدا گرنگی نادات، هەرچەندە هەوڵی گفتوگۆو مراوەغەو راکردن دەدات، چونکە گومانی تێدا نییە، کە ئۆتیگۆن دەبێت زانا بێت بەڕاستی تەقوا، ئەگەر نا ئەوا هەرگیز باسی خۆی نەدەکرد کە باوکی تاوانبار بکات کە پیاوێکی بەساڵا چووە، ئۆتیگۆن پۆزشدەهێنێتەوە کە کاتی کورت ڕێگەی پێنادات  کە وەستان درێژە پێبدات، هیوای سوقرات ئاوا دەبێت لەوەی کە شتێک لەسەر ئەم جیهانە بزانێت کە سودی لێوەربگرێت کە لە دادگاییەکەیدا سودی لێوەربگرێت.

## سوکرات لە کاتی دادگایکردندا

ناتوانین سووربین لەسەر ئەوەی ،کە ئەو گفتوگۆی پارێزگاری (دیفاع) کردنەی کە ئەفلاتون لە ڕوانگەی مێژووییەوە نوسیویەتی ڕاست بێت، بەوەی نازانین بەڕاستی سوکرات ئەو وتانەی لەبەردەم دادوەردا وتوە، بەڵام ئەفلاتون ویستویەتی مامۆستاکەی بخاتە مـێـژووەوە، بۆئەوەی نەوەکانی تر پێوەی پەیوەستبن، بۆیە بە شێوەیەکی وردو بە زمان وێنەی کێشاوە و جوانیەکەی

دەرخستوە، بۆئەوەی کەسایەتی سقران لە هەموو هەنگاوەکانیدا پارێزگاریکردن لەخۆی پیشانبداتْ.

ئەم پارێزگاریکردنە وردە سوکراتیە، کە لە قولایی سوکراتەوە هەڵێنجراوە، برینیە لە کارلێکی عەقلانی، وێنای ئەوەمان بۆدەکاتْ ،کە چۆن تەحەدای دادوەرەکانی کردوە، هەروەها گاڵتەجاڕی و کەمکردنەوەی ترسی مردن، لەگەڵ ئامادەسازی تەواو بۆ قبوڵکردنی ئەنجامی دادگایکردنەکەو سووربوونی لەسەر نەبەزاندنی یاساکان و ڕێکخراوە چاودێریەکان، هەرچەندە ئەفلاتون ئامادەی دادگایی مامۆستاکەی بووە، زۆر دەستەواژەی بەکارهێناوە کە سوکراتْ لەو کاتەدا بەکاریهێناون، بەڵام بە شێوازێکی جوان سواغی داون و وێنەی سوکراتی کێشاوە، بەو شێوەیەی کە ناسیوێتی بەبێ زیادەڕۆیی.

لە ئاسۆی واقیع و ڕاستیەکانەوە دەتوانین پارێزگاریکردنەکە لەخۆی بکەین بە سێ بەشەوە:

یەکەم: تاوانبارکردن و نکۆڵیکردن لە تاوان.

دووەم: گوتارێکی کورتْ کە تیایدا داوای سوککردنی سزاکە دەکرێتْ.

سێیەم:سەرزەنشتکردنی ئەندامانی دادوەریکردن

سوکراتْ بە داوای یارمەتیکردن لە دادوەر دەستدەکاتْ بە پارێزگاریکردن لەخۆی، چونکە وشەو گوزارشتی گشتی بەکاردەهێنێتْ و زەخرەفەی تێدا بەکارناهێنێتْ، چونکە دەیتوانی ڕەوانبێژی و داڕشتنی گوزارشتْ بەکاربهێنێتْ، حەزی لە ڕاستی و راشکاویە، بۆیە کەسایەتی وابوو بەدوای وشەی فێڵاوی و مراوەغەپێکردندا نەدەگەڕا، پاشان لەڕووی مێژووییەوە دەستیکرد بە پارێزگاریکردن لە خۆی و ئەوانەشی کە تاوانیان خستەپاڵی دوو دەستە بوون:

دەستەی یەکەم: دەستەیەک بوون ناویان نەبوو، واتە ڕای گشتی بوو، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا هەموان گوێیان لەوە بوو کە بەهۆی ئامۆژگاریەکانییەوە لاوان تێکدەداتْ هەروەک چۆن بینیان ئەرستۆڤانس لە شانۆگەری (پەڵە هەورەکان) دا پیشانیدا.

دەستەی دووەم: ئەو پیاوانەی کە تاوانباریانکردبوو، دەیانویستْ لەڕێگەی گوزارشتەکانیانەوە ئەوەی لە دڵی خەڵکیدایە بیڵێن،

بەڵام ئەو تاوانەی کە هەردوو دەستەکە خستیانەڕوو، دەتوانین لەمەدا کورتی بکەینەوە:

دەستەی یەکەم دەڵێن: «سوکرات هۆکارێکی شەڕە، پیاوێکە دەگەڕێت بەدوای ئەوەی لەژێر زەویدایەو ئەوەی لە ئاسماندایە و جل بەبەر ناڕەواییدا دەکات و ئەمەش هەمووی فێری خەڵکی دەکات»، دەستەی دووەم دەڵێن: « سوکرات هۆکارێکی شەڕەو گەنجەکان گەندەڵدەکات و دان بە خواوەندا نانێت، کە دەوڵەت دانیپێداناوە و لەبری دان بە چەند پەرستراوێکی تردا دەنێت» ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەم دەستەواژەی کۆتایی دەقی ئەو نامەیەیە ،کە تاوانبارەکانی پێڕادەکێشرایە دادگا.

لە ڕێگەی رونکردنەوەی هەندێ لایەنی شـاراوەوە سوکرات وەڵامی ئەم تاوانانەی بەراشکاوی دەدایــەوە ، شاعیرەکان ئەوەیان فەرزکرد کە لە بۆچوونەکانیدا دەچێت بۆ مەزهەبی فەلسەفە سروشتیەکان و سۆفستاییەکان، بەڵام ئەمە هەمووی هەڵەبوو، لەگەڵ ئەوەی لەبەردەم دادگاو لە گفتوگۆکانیدا گاڵتەی پێدەکردن، ئەو یەکێک نەبوو لەم دوانەو هیچی لەبارەی فەلسەفەی سروشتیەوە نەدەزانی و ڕقیشی لێنەبوو کە بەدوایدا بگەڕێت، لەڕاستیشدا شتی لەبارەوە نەدەزانی، بۆیە یەک شتی لەبارەوە نەوتوە، لەلایەکی تریشەوە لە سۆفستاییەکان نەبوو، چونکە پارەی لەبەرامبەر فێرکردندا وەرنەگرت، چونکە پێیوابوو هیچ شتێک نازانێت تاوەکو خەڵکی فێری شت بکات، بەڵام یەکێک لە سۆفستاییەکان (ئفینۆس) ئەو مەدحەی دەکرد کە خەڵکی بە کرێیەکی مەعقول کە لە(5)درهەم تێنەدەپەڕی فێری فەزیلەت دەکرد ، بەڵام سوکرات ، هەتا لەکاتی دادگایکردنەکەدا و لەبەردەم ئەوانەدا گاڵتەی بەم حاڵەتە دەکرد.

لە خستنەڕووی باسەکەدا سوکرات ڕێگری لێدەکرا کە داوای لە خەڵکی دەکرد لەو تاوانەی بەدووربگرن و دەیوت خراپی ئەمە پەیامەکەیەتی، کە لەسەرخۆی واجبکردووە بە جوانترین شێوە بیگەیەنێت، کاتێک (شریفون) ڕۆشت بۆ دلفی و لەناو خەڵکیدا لە ژنە شوانێکی پرسی کێ دادوەرترە لە سوکرات؟ لە وەڵامدا وتی کەسی تێدا نییە کە دادوەریەکەی بگاتە دادوەری ئەم پیاوە، خۆزگە دەمزانی ئەو ژنە شوانە مەبەستی چییە لەو وتەیەی کە دەیوت»چۆن ئەو ژنە

ڕایدەگەیاند ئەو پیاوەی کە هیچ شتێک نازانێت و ئەوەش کە هەموو شتێک دەزانێت، ئەوەیە کە هیچ نازانێت و ئەوە حوکمی خەڵکی دەکات؟

سوکرات بیری لەوە کـردەوە، کە ژنە شوانەکە مەبەستی چییە لە وەڵامەکەدا، سوور بوو لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێت کە لەسەر هەڵەیەو ئەوە بۆ خەڵکی بدۆزێتەوە کە کێ دادوەرترینە لەو، ئەو قسەی ژنە شوانە بە تەواوی پوچەڵبکاتەوە، یەکەمجار مەبەستی بوو لە کەسە پیاوماقوڵ و سیاسیەکان، پاشان شاعیرەکان، پاشان پیشەوەران، بەڵام ئەوەی سەرسامیکرد ئەوەبوو کە هەموویان هیچیان نەدەزانی، یان نەیاندەویست فێری شتێک ببن لەوەی کە ئەو دەیزانی، بەڵام ئەوەی هەندێک جار شانازیان بە زانستەکەیانەوە دەکرد، غروری و چاکی ئیمتیازاتەکانیان بوو، ئەو هیچی نەدەزانی، بەڵام ئەم نەزانینەی لە خۆیدا دەزانی واتە دەیزانی کە نەزانە، بەڵام ئەوان دەیانزانی هیچ نازانن بە کەمترین زانست و ئەویان سەرکوێردەکرد و، ئەو وەهمەیان دەکرد و چواردەوری هەموو شتێکیانداوە، بۆیە لەبەرئەوەی ڕاستی لای سوکرات بوو کە دەیویست هەموو ژیانی ببەخشێت، بۆئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێت کە گەیاندن و ئاشکراکردنی ڕاستی بوو، دواتر خەڵکی بەهۆی دادپەروەریەوە حوکمی خۆیان بکەن، ئەم هەوڵەش ئەوەندەی لە توانادا بوو جێبەجێکرا، تاوەکو بە ناچارکردن کە ماڵی دەوڵەتی گشتی و بەڵکو کاروباری ژیانی تایبەتی خۆی وەلابنێت و ڕێگەی بە دەوڵەمەندە لاوەکان دا کە لاسایی بکەنەوە، بۆیە پشودرێژەکانی تاقیکردنەوەکانیان سەرقاڵی دادگەری و تاقیکردنەوەی بوون، کە بەڕاستی مایەی سەرسامی بوو.

لەپێناو ئەمەدا دوژمنایەتیەکی تاڵ لە دەسەڵاتی زاناکان گەورەبوو بۆ سوکرات ئەگەر وێنەی گومانی بۆ بکێشن، وایاندەزانی ئەو لاوانە بەو شێوەیەی دەیەوێت وایانلێدەکات، هەوڵیاندا خۆیان ڕایانکێشن، بۆیە ئەم ناوە پیسەیان لێنا، واتە تێکدەری لاوان، دواتر زیاتر دژایەتیان کرد، ئەو کەسێکی مادی مولحدە و سۆفستایی مەزهەبە، ئەم تاوانەش شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو کە لێیبنرێت، چونکە هەموو خاوەن بیرورا و بیری عەقڵانی عیرفانی ئەم ناو و ناتۆرانەیان لێناوە، بەڵام هەر بە ڕێگەی ژیان دا ڕۆیشتووە لە کەشەکانی دنیا و گەندەڵی و خۆی لە دەریا راستەقینەکاندا شتوە، بەڵام تاوانی دووەم لەو پرسیارەوە

سەرچاوە دەگرێت کە لە ((ملیتس))ی دەکات، ئەگەر تۆ منی گەندەڵا بیت ئیدی کێ هاووڵاتیان چاک بکات؟ (ملیتس) وەڵامیدەداتەوە هەموو خەڵکی چاکخوازە، بەڵام کام وتە لەم گوزارشتە دا زۆر دژە ، ئایا جێی باوەڕە کە سوکرات زیان بە هاووڵاتیان بگەیەنێت لەگەل ئەوەی ئەو لە ژێر سایەیاندا دەژی؟ ئەگەر واشی دابنێین لەم وتەیەدا خراپیەک هەبێت و عەمدی نەبێت، یان مەبەستدار نەبێت و ئەگەر وابێت کێ (ملیتس) ئازاد دەکات و رێنوێنی دەکات بۆ رێگای راست، لەبری ئەوەی پەلە بکات و پێشکەشی دادگای بکات.

بەڵام تاوانبارکەرانی سوکرات کەمتەرخەمیان نەکرد لە تاوانبار کردنی بە گەندەڵکردنی گەنجان، ئەوەیان خستەروو ،کە وا هەستدەکەن کە خەڵکی بێبڕوابوون بە خواوەندی شار، و خواوەندێکی نوێ دەپەرستن، کە ئەو بە داهێنانی خۆی دایهێناوە، بەهۆی ئەمەشەوە تکۆڵیەکی تەواویان لێکرد، بەشێوەیەک وایانپیشاندەدا کە مانگ و رۆژ کە بەرد و خۆڵا، سوکرات بەمە سەرسام بوو، ئەوەی بۆ دادوەرەکـان روونکردەوە کە ئەمە تێکەڵکردنێکی روونە لە تێوان بۆچونەکانی و ئەوەی کە (ئەنا کسجوراس) پێشتر دەیوت، نابێت خەڵکی ئەسینا نەزان بێت، چونکە ئەم هەڵەی بەسەردا تێپەڕ دەبێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوکرات، کە تەنها ئەو وتبووی.

سوکرات کۆتایی بە وەڵامەکانی دێنێت بۆ (ملیتس) سەرنجی خۆی ئەخاتە سەر تاوانانە بنچینەییەکە، پرسیارکەر دەپرسێت: بۆچی سوکرات سورە لەسەر ئەداکردنی پەیامەکەی، لە کاتێکدا ئەم پەیامە بەرەو مردنی دەبات؟ سوکرات وەڵامدەداتەوە، ئەمە واجب و فەرمانێکە لەسەری و نابێت دەستی لێهەڵبگرێت و واز لەو پێگەیە بهێنێت، کە خواوەند بۆی هەڵبژاردوە، هەروەک چۆن رێگەی بە خۆی نەدەدا لە کاتی شەڕەکاندا لە هەڵوێستەکان رابکات، کە سەرۆکەکانی بۆیان دیاریکردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا لە فەلسەفەکەیدا نەگەیشتبووە ئەوەی کە ئەوە رابگەیەنێت کە زانست ئەوە پیشانبدات، کە مردن چاکە یان خراپە، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر بۆ ئەرکەکەی بەجێبهێڵێت شەڕێکی تەواوە، چۆن بۆ شەڕ دەچێتە پێشەوە کە گومانی تێدا نەبێت، کە بەتەواوی نەزانێت کە چاکە یان خراپەیە، نەخێر ئەمە نابێت، لە ئەنجامدانی کارەکەی نابورێت، کاریگەر دەبێت بەخۆی پەرستنی

خوا لەسەر پەرستنی مرۆڤ، بەدەوام هەموو خەڵکی لە تەمەنە جیاوازەکانیان و وەڵامی فەزیلە و پێویستی چاکسازی دەزانن ، ئەگەر ڕێگریان لێکرد، یان بیانەوێت گوێیان پێدا بخەن و لۆمەیان بکەن.

ئەمەش گەندەڵکردنی گەنجانە کە بە گومانین لە کردارەکانی بە فەرمانی خوا، ئەگەر لەم ڕێگەیەشدا هەڕەشەیان لێکرا، بە هەزاران بمرن نەک یەک کەس.

کاتێک سوکرات حەزی کرد بچێت بۆ دادگا، بۆ ئەوەی ئەو تاوانی مردنە لە خۆی دوربخاتەوە، ئەمەش لەبەر خۆی نایکات، بەڵکو لە پێناو گەلەکەیدایە، چونکە رابەرەکەیان کە ئاسمان ڕێنوێنی دەکات بۆ پێوانە کردنیان، کێ ئەمە دەزانێت؟ خۆزگەیان دەخواست بمردنایە سەرکەوتو نابن لە پشتیەوە هەمان شت دەکەن وەک ئەوان دەیکەن.

لێرەوە یەکێک لە نەیارەکان دژ دەوەستێنەوە، کە ئەگەر سوکرات بەراستی ئامانجی چاککردنی گەلەکەیەتی بۆچی هەوڵنادات دەستبکات بە بەشداریکردن بە پشک لە کاروباری گشتیدا ؟ سوکرات وەڵامدەداتەوە، ئەگەر ئەمەی کرد و شەڕی لە پێناو راستی دا کرد ،ئەو توانایەی نەئەبوو درێژە بە ئەجەلی بدات و ئەوە بکات کە لەبارەی چاکەوە کردویەتی، هەر لەبەر ئەمەش بە راستی دووجار مەترسی خستە بەر ژیانی خۆی  کە بەشداری لە کاروباری وڵاتدا کرد لە پێناو دادوەریدا، یەکەمیان لە دادگایی سەرکردەکاندا، دووەم لە دژ وەستانەوەی زوڵم و زۆری دیکتاتۆری حکومەتی سی ساڵە.

ئەگەر بەشداری لە کاروباری دەوڵەتدا نەکردایە ، ئەوا کاتەکانی بە پەروەردەکردنی هاووڵاتیانەوە دەبردەسەر ، پەروەردەکردنێک کە پارەی لە بارەوە وەرنەدەگرت، هەر ئەمەش پەیامەکەی بوو، ئیدی ئەگەر خوێندکارەکانی خیارەکانیان هەڵبگەڕانایەتەوە، یان دوژمنەکان لە دادوەریدا شتێک نیە کە تاوانبار بکرێت بە ئازایەتی، چونکە بەڵێنی ئەوەی نەداونەتێ کە شتێکیان فێربکات، تەنها ئەوەندەیە ئەگەر بیانەوێت ئەتوانن قبوڵی بکەن، یان دەتوانن دەوری چۆڵبکەن، بەڵام دەیانویست کە لە دەوری بمێننەوە، چونکە هەستیان بە چێژی شکۆیی دەکرد لە گوێگرتن لە لە قسە و وتەکان و رونکردنەوەی کارەکەیان، ئەگەر سوکرات ئەم گەنجانەی گەندەڵ کردبێت، واجبەکەیانی لەسەر پیرەکانیان

لابردووه (ئەگەر واجبی ئەوان نەبوویێت) بێنە بەردەم دادگا و شایەتی لە دژی بدەن، لێرەدا سوکرات شتێک لە بارەی ئەحەدییەوە دەڵێت، بەردەوام دەرفەت بۆ کائینێک کامیان بێت کە بێنە بەردەم دادوەر بۆ شاهیدی دان، بەڵام سەیری باوکی ئەم لاوانە، یان کەسە نزیکەکانیان هاتن بۆ دادگا ،بۆ ئەوەی سوکرات بێبەری بکەن لە تاوانی گەندەڵی ، کەوایە هەموو ئەوانە زمانێکی رەوانن کە سوکرات ئەوەی دەیڵێت راستە و ملیتس درۆزن و بوختان چییە.

هەموو جارێک ئەوەی سوکرات دەیویست بیڵێت، تەقریبەن دوای ئەو گوتارە و داوای بەزەیی لە دادوەران رەفز کرد، بەوەی بەریبدەن، هەروەک چۆن ئەوەی رەفز کرد کە منداڵەکانی بهێنن بۆ ئەوەی بگرین و کاریگەری لە دادوەربکەن تاوەکو دڵی نەرم بکەن بە گریانەکانیان، لە کاتێکدا ئەمە هۆی ئەسینەکان بوو، ئەگەر حوکم بەسەر کەسێکیاندا درابێت، نەک بەوەوە نەوەستان، بەڵکو سوکرات دادوەرەکانی تاوانبار کرد لێخۆشکەر نەبوون لە بارودۆخێکی لەم شێوەدا، بەڵام بریار دەدات کە لەسەر متمانەیەکە دادوەرەکان تورە نەدەبوون، ئەگەر سوکرات هانای بۆ ئەو تەوازوعەی ئەسینیەکان نەدەبرد کە هانایان بۆ دەبرد وەک هەڵهاتنێک لە سزا، چونکە دڵنیا بوو ئەم رەوشتە حەیاچونێکی نەژادی ئەسینیەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها سوکرات لەمبارەوە ئەوە دەخاتە روو، کە دادوەرەکان سوێندیان خواردوە، کە لە جێبەجێکردنی دادوەریدا کەمتەرخەمی نەنوێنن، ئیدی چۆن ئەمەی بکردایە، ئەوا دوڕوویی بۆ دەهێنایە گۆڕێ و تاوانبار دەکرا بە دووڕوویی.

وەک چاوەڕوانەدەکرا حوکمی سزادانی دەرکرا، دوای ئەم ئیدانەکردنەش سوکرات وایدەبینێت کە بێباکە و لاواز نابێت، بەڵکو بەرزبێتەوە زۆر بەرزی بە گەورەیی و کەرامەتی، (ئەنیتس) پێشنیازیکرد تاوانبار سزای لە سێدارەکەی کەمبکرێتەوە، بەڵام ئایا سوکرات لەلای خۆیەوە چی پێشنیاز دەکات؟ سوکرات وەڵامدەداتەوە کە چاکخواز بووە بۆ گەلی ئەسینا و هەموو ئەمەی لەپێناو بەخشینی چاکەدا بووە بۆ گەلی ئەسینا، بۆیە وا خۆیدەبینێتەوە شیاوی باسکردنە وەک چۆن باسی کەسە سەرکەوتوەکان دەکەن، کە لە ئۆلۆمپیاتەکاندا سەرکەوتو دەبن، واتە ئەو لەسەر حسابی دەوڵەت دەژی ، فەلسەفە سزایەکی تر بۆ خۆی

هەڵنابژێرێت، چونکە نازانێت ئەگەر مردن کە ئەنیتس پێشنیازی کردووە، چاکەیە یان خراپەیە، ئایا دەبێت چی پێشنیاز بکات؟ ئایا بەندیخانە پێشنیاز بکات ، یان نەفیکردن کە هەردووکیان شەڕی تەواون، راستە لەوانە لە دەستدانی پارە شەڕ نەبێت، ئەگەر شتێک پارەی هەبوایە ، ئەو پێشنیازەی نەدەکرد کە لە بەرامبەر پارەدا لە تاوانەکەی خۆش بن و لەبری تاوانەکە غرامە بکرێت، لێرەدا هاوەڵەکانی بەڵێندەدەن کە غەرامەکەی بۆ بدەن، ئەگەر بڕیاری لەسەر بدەن.

سوکرات بە دادوەرەکـان دەڵێت دوای ئەوەی هەواڵی حوکمەکەیان پێڕاگەیاند ئەو بێباکەم، ئەسینیەکان سود لە شتێک وەرناگرن کە لە چند ساڵێکی کەمی تەمەن کە لە ژیاندا ماوییەتی بەسەریدەبات، بەڵام شەرمەزاری بۆ خۆیان دەهێنن بە هۆی کوشتنیەوە، دەیتوانی هەوڵی راکردن بدات، بەڵام راکردن لەچی کە ئەو خۆی نەیدەویست درێژە بە ژیان بدات؟ بەڵکو بۆ ئەوەی کاریگەری دروستبکات بمرێت وەک دەیەوێت،چونکە چاکە بژێت، بەوپێیەی دەیەوێت خەڵکی داوای لێدەکات کە بژێت ، بەڵێ ئەو بەمردن بڕیاری لەسەر درا، بەڵام ئەم بڕیارە بەبێ گومان بڕیارێکی هەڵە بوو کە بە هەڵە بڕیاری لەسەر درا، چونکە درۆ خێراترین شتە کە بە خاوەنەکەی دەدات وەک لە مردن، ئەگەر دوای ئەوە ئەو سزاکەی وەرگرێت، ئەوا تاوانباران بە کردار سزاکەیان وەرگرتوە.

بەڵام ئێستا ئەو لەسەرمەرگدایە، ئەگەر قسە و هەواڵیان پێڕادەگەیەنێت، ئەوان بڕیاری مردنی بەسەردا دەدەن، بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لەوەی ژیان لەسەریان ئاڵۆز بێت، بەڵام مردن دەبێتە نەوانێک ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتوانی بەرهەم دێنێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە محاسەبەکردنیان زۆر زیاتر توند و تیژترە، چونکە لەو بچوکترن لە تەمەندا و لەویش بەجەرائەتترن.

مادام کاتی کەمی لە بەدەمیدا هەیە، ئەوا دەتوانێت وتەیەکی کورت پێشکەش بکات ،بۆ ئەوانەی کە دەیانویست تەبریەی بکەن، وای پێڕاگەیاندن کە ئاماژەی خواوەند لە پارێزگارکردنە کە روبەروی هیچی ناکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو مردنەی کە پێی رازیە چاکەیە و شەڕی تێدانییە، چونکە یان جۆرێکی درێژە، بەمەش باشترین خەواڵوە یان گەشتنە بۆ جیهانێکی تر کە تێیدا گیانی مردوەکانی تێدا گەلاڵە دەبن ، بەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ دەرەخسێ کە چاوی

بە کەسە پاڵەوانەکان بکەوێت کە پێشتر مردوون، ئەوەی کە لەم ژیانەدا خۆشی دەوێن مانەوە و بەرزیە.

شتێکی نەخوازراوە کە پیاوی چاکە خواز لە ژیانیدا، یان لەدوای مردنی تووشی شەڕ بێت، خواوەند لە سوکرات رازی بوو کە بڕوات، کەواتە ئەو لە بڕیارەکەی لێخۆشبوە، چونکە بە بڕیارەکەیان زیانیان پێگەیاندوە، بەڵکو ئەوان بە پێچەوانەوە بەرەو چاکە بردیان، کە چاکەیەکە هەرگیز مەبەستیان نەبووە.

لە دوای ئەم وتەیە سوکرات داوای خواستی کۆتایی دەکات: داوا لە خەڵکی دەکات کە نەوەکانی دوای خۆی پێبگەیەنن وەک چۆن ئەو پێیدەگەیاندن، ئەگەر دەستی پێکردن، ئەوان کاریگەر دەبن بە پارە لەسەر فەزیلەت، یان لە خودی خۆیاندا وا باوەڕ بە زانست بکەن و کەچی نەزانن بن.

## دیفاعکردنی سوکرات

ئەی ئەسینیەکان نازانم چۆن تاوانباران کاریگەریان لێکردن، بەڵام من هەستم بەقسە بە بەهاکانیان کرد و کارگریەکی بەهێزی لێکردم و لەگەڵ دەرونمدا لە بیرمکردن، ئەوانە شتێک لە راستی ناڵێن، بەبەهێزی سەرسوڕمام، ئەگەر بیانخەنە ناو ناڕاستیەکانیان وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆیان تا ئاگادار بکرێنەوە، هێزی رەوانیم فێڵتان لێناکات، ئەگەر مەبەست بوایە بەڵگەیەکم پێدەدان لەسەر زمانی خۆم کارەکانیم خستنەروو، ئەوانەش بەمە دەزانن، بەڵام بەردەوامن و شەرم ناکەن، یان دەیان بینی فەساحەت دەڵێن لەسەر هێزی راستی؟ کەواتە ئەوەم خستەروو کە ئازارێکی راگەیەنراوم، ئایا جیاوازی لە نێوان من و ئەواندا دورناخەمەوە، ئەوان کاتێک هەلتان پێدەدان قسەی راستیان نەدەوت، بەڵام من راستی بە راشکاوی وەرگرن، ئاوێزانی ناکەم بە دەستەواژەی گوتاری وەک کردیان، نەخێر بەخوا هەر قسەدەکەم و بەڵگەکان بۆ ئێوەیە و وازی لە کاتەکانی نەهێناوە، چونکە من لەسەر راستیم لە دادوەری دۆزەکەمدا، رۆژێک لە نێوانتاند ناوەستم تا هەڵوێستی وتاربێژی منداڵی ببینم تا ئەو رۆژەی زیندوم، ئێستاکەش گوتار لە من وەرناگرێ، بۆیە داوای ئەو شتە ناکەم، ئەگەر دیفاعم لە خۆم بکردایە ، بە شێوازی خۆم، ئەوا لە کاتی ئەو دیفاعکردنەدا کۆمەڵێک قسەو وشە ئەهاتن

کە پێشتر بەکارمهێنابان ، یاخود هەندێکتان لەسەر ڕێگاکاندا دەتانبیست، یان لە هەرشوێنێکی تردا، بۆیە سەرسام مەبن، یان قسەم مەبڕن ، چونکە من دەوەستم، کاتێک گەیشتبوە حەفتا ساڵ بۆ جاری یەکەم لە گۆڕەپانی یاسادا زمانی ئەم شوێنە کەس هەستی پێنەدەکرد، سەیری روانینی خۆتان بکەن بۆ بێگانە هەست بە لێبوردەیی دەکات ، ئەگەر زمانەکەی بە زمانی گەلەکەی یان نیشتمانەکەی بوو، ئەو کاتە لێمەگەڕێن ئەگەر داوای شتێکم کرد، لەوتەکانمدا دواتان لێدەکەم لەوانەیە باش بێت، یان خراپ، تەنها سەیری راستگۆیی قسە بکەن، ئەگەر کەسێکیشتان دادگایکردنی ئەنجامدا با دادوەر بێت، ئەگەر قسەکەرێک قسەی کرد تەنها راستی بڵێت.

دەبێت لە سەرەتادا وەڵامی تاوانە کۆنەکان و تایفەیە کەمینەکانی داواکاران بدەنەوە، دواتر داوای سکاڵای تیمی دووەم بکەن، پێشتر خەڵکی زۆر تاوانباری کردم، زۆر دەعوای پوچیانم لەخۆگرت کە ماوەی چەندین ساڵی خایاند، من زیاتر لەم پیاوە(انیتس) لێیاندەترسام، تورەمکرد فروفێڵەکانیان گەورە و گرنگە، بەڵام ئەوانەی هەستانەوە ئەگەر ئێوە منداڵن، ئەوانە قسەتان بۆ دەکەن ئەو قسانەی کە دەڵێن هی سوکراتە و دانایە و بەبیری لە ئاسماندا مەلە دەکات، پاشان ئەو راستی لە ناڕاستی دادەماڵێ ، ئەوانەن کە لە دوژمن دەترسن، ئەم قسانەشیان بۆ خەڵکی کردووە، ئەوانەن کە لە دوژمن دەترسن، زۆرن ئەوانەی مدەعین و داواکانیان هی سەردەمی کۆنن، کاتێک ئێوە منداڵ، یان گەنج و شوێنکەوتویی بوون بڵاویانکردەوە، بەڵام نەیانتوانی بانگەواز بکەن تا ئەو کاتەی خستیانە سەر من، بەبێ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزنەوە.

ئەوەش لە شتە گرانەکانە ، کە قسە بۆ ئەو خەڵکە سادەیە بکەین لە خۆیاندا تەواو بوون و هەر خەریکی رق و کینە کۆکردنەوەن، هەندێکیان لە عەقیدەوە باسیاندەکرد، بەمەش لە دڵی خەڵکیدا چاندیان، بۆیە ناتوانم بانگیان بکەم بۆ ئەم شوێنە، تاوەکو لێیانبپرسنەوە، ئەگەر ئێستا پارێزگاریم کرد، ئەوا پارێزگاری لە تارمایی دەکەم، لێپرسینەوە دەکەم و وەڵامدەرەوەنییە، منیش خوازیارم ئەوەی پێشتر بۆم خستونەتەسەری قبوڵی بکەن، بەوەی دوژمنان دوو پۆلن: تایفەیەکی سەردەمی نوێ، لەگەڵ سەردەمی کۆن، ئیدی وادەکات بۆچونی

ڕاستڤ دەبینن لەوەی کە دەستبکەم بە ڕەتدانەوەی ئەم شایەتەی دواتر،دواتر ئەمەش بەرگریکردنەکەم بوو، لەوانەیە بتوانم بەم چەند قسە کورتانە کە باسمکرد ئەو پڕوپاگەندانە بسڕمەوە کە لەسەرم هەن و لە دەزرنگێتەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە گوێتاندا ، لەوانەشە سەرکەوتو نەبم، ئەگەر لەسەرکەوتندا چاکەی بۆ من و ئێوەش تێدا بێت ، ئەگەر بە گشتی لە دۆزەکەمدا سودم پێبگەیەنێت، من دەزانم خراومەتە بەردەم کارێکی گرانەوە و من کاری خۆم دەزانم ، بە پێی سروشتی خۆی ڕێزی دەگرم ، ئەوەش خوا دەیەوێت بابێت، واتازانم پارێزگاریکردنم بۆ یاسا خۆبەخش بێت.

بەم پرسیارە درێژەی بە قسەکردنەکەی دا: چ تاوانێکم کردوە تاوەکو گومانەکان دەورەیان دام، ملیتس سوربوو داواکانم بۆ دادوەر بەرز بکەمەوە؟ شکاتکاری خراپ لە بارەمەوە چی دەڵێن؟ ئەوان وەک شکاتکار وان و ئەمەش کورتەی ئەوەیە کە داوایدەکەن((سوکرات توشی شتێک بووە، دەرچونێکە ،کە چاو بەرەو ئاسمان و ئەوەی تێدایە دەڕوات، ئەو جلی ڕاستی بەبەر ناڕاستیدا دەکات ، ئەم فێڵکردنانەش بە خەڵکی دەڵێن، خۆتان بەچاوی خۆتان لە کۆمیدیای ئەرستۆڤانسدا بینیتان چۆن کەسێک دروستدەکات و ناوی دەنێن سوکرات، وایلێدەکات بگەڕێت و بڵێت ،کە دەتوانێت بە هەوادا بڕوات، خەریکی لە غوکردنە لە هەندێ باسدا کە حەزناکەم شتێکی کەم یان زۆری لەبارەوە بزانم، مەبەستم لە ئەوەیە کە خراپەم بۆ یەکێک لە خوێندکارەکانی فەلسەفەی سروشتی هەبێت))

سوربوو لەسەر ئەوەی کە ئەوەی ئازاری دەدام ئەوەیە، کە میلیتس تاوانبارم دەکات بە تاوانی مەترسیداری لەم جۆرە، ئەی ئەسینیەکان، ڕاستی ڕاشکاویە من پەیوەندی ناکەم بەم لێکۆڵینەوە سروشتیە، بە هەر هۆیەک لە هۆیەکانەوەبێت، زۆر لە ئامادەبووان شایەتی بە ڕاستی قسەکانم دەدەن، با ئەوەی دادوەر گرنگی پێبدات، کەواتە قسە بکەن ئەی ئەوانەی گوێتان لە قسەکانم بوو، هەواڵبدەنە دراوسێکانتان لەبارەی منەوە، ئایا قسەی زۆر، یان کەمت لەبارەی ئەم باسانەوە کردووە؟ گوێبگرن لە وەڵامەکانیان تاوەکو دابڕێن لە تەواوی تاوانەکان، لەگەڵ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەم بەشە دەدرێت.

بەڵام قسە لەسەر ئەوەبێت ،كە من مامۆستایەكم هەوڵدەدەم بەپارە وانە بڵێمەوە ئەوە قسەكەی بەتاڵە و هیچ راستیەكی تێدانییە! وەک ئەوەی پێشوتر ئێیدابوو، بەوەی من بەرزترین مامۆستای بەكرێگیراوم، ئەگەر مامۆستایەكی بەرزبن لە فێركردنی مرۆڤایەتی، ئەوانە ( جۆرجیاس الیونتی، برودیكوس الكیوس، هبیاس الالیزی) دەچنە شارەكان و هانی لاوان دەدەن وڵاتیان جێبهێڵن، ئەوانەی لە پێناوی خودادا فێریان دەكەن و هەوڵیان لەگەڵ دەدەن پارەیان نادەنێ ، بەڵكو سوپاسگوزاریان دەكەن بۆ ئەم چاكە گەورەیە، هەواڵی فەیلەسوفێكیان دامێ لەباراسەكە لە ئەسینا دەژی، باسی پیاوێكی بۆدەكردم بەسودفە بینیوبەتی، پارەیەكی باش بۆ سۆفستاییەكان كۆكردەوە، ئەویش (كالیاس كوری هیونیكوس) بوو.

كاتێک پێیوتم دوو كوڕی هەیە لێم پرسی كوڕەكانت دوو ئەسپ، یان مانگابوونایە نەدەهات بە بیردا و راهێنەرێكیان بۆ بگری باشتر و ئاسانترە كە راهێنەری ئەسپ یان جوتیارێک بەڕێوەیان ببات و بیانگەیەنێتە ئاستی باڵقی، بەڵام ئەوانە دوو مرۆڤی ناو كۆمەڵگەن، ئایا بیرت لەوە كردەوە كامیان بەڕێزە؟ كێ دەزانێ چاكەی مرۆڤ (الانسان) و سیاسەتی مرۆڤ(البشر) قسەی بۆ كردم كە لەوانەیە لە كارەكەی دەركردبێت مادام باوكە، وەڵامیدایەوە بەڵێ دەستمكەوت، لێمپرسی ئەوە كێیە و نیشتمانی لە كوێیە و چەند بە كرێی دەگرێ، وەڵامیدایەوە ئەو (افنیش الباری)ەو بە پێنچ درهەم گرتبوویان، لەبەرخۆمەوە وتم ئافەرین عافیەتت بێت ئەی افینس ئەگەر بەراستی ئەم حیكمەتەت تێدابێـت، و بە پێی ئەم كرێ كەمە فێری دەكات ، ئەگەر هەمبوایە بێزار دەبووم، غروری دەیبردم، بەڵام لە راستیدا شتێک لەم حكمەیە نازانم.

ئەی ئەسینیەكان! خودا لە ئێوەی پرسیوە و دەڵێت (( ئەی سوكرات چۆن ئەو جۆرە تاوانەت لەسەر بڵاوبوویەوە، ئەگەر وانەبووایە، ئەوا بڕیارێكی نرم دەدا، ئەگەر وەک خەڵكی تر بوویتایە ئەوا دەنگت هەڵنەدەبڕی و قسەت نەدەكرد، باسی ئەوەیان بۆ بكە، چونكە ئازارماندەدات ئەگەر خێرا بڕیار لەسەر دۆسیەكەت بدەن، من ئەمە بە تەحەدیەكی توند دەزانم، هەروەها هەوڵدەدەم بۆتان رونبكەمەوە كە بۆچی داوای حەكیمیم كرد، و لە كوێوە ئەم روداوە خراپانە

بۆم هاتن، داواکارم گوێی لەوتەکانم بگرن، هەرچەندە هەندێکتان گاڵتەم پێدەکەن، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە جگەلە راستی تەواو هیچی تر ناڵێم، ئەی ئەسینیەکان، لێدانێکی دیاریکراومان لە لێدانەکانی حکمەت لایە کە سەرچاوەیەکە لەو قسە بڵاوکراوانەم، ئەگەر لێم دەپرسن کە ئەو حیکمەیە چیە؟ بەوە وەڵامدەدەمەوە کە ئەوە لە چارەنوسی مرۆڤدایە و تائەو ئاستەش من حەکیمم.

بەڵام ئەوانەی کە من قسەیان لەگەڵ دەکەم، حکمەتەیان موعجزەیە و لەسەروی توانای مرۆڤەوەیە، ناتوانم پۆلێنی بکەم چونکە نیمە، ئەوەش وادەزانێت هەمە بە هەڵەدا چووە و زۆر دوورە لە راستییەوە، ئەی ئەسینیەکان، دەخوازم لێمدانەبڕێن ئەگەرچی وتەکانم گەیاند، ئەوە وتەی من نییە کە بۆتان باسدەکەم، بەڵام لەبری خۆم شاهیدێک دادەنێم، کە شیاوی متمانە پێکردن بێت، بۆ ئەوەی باسی فەلسەفەکەم بۆتان بکات، ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئایا هیچ شتێکم لەبارەی فەلسەفەوە لەلایە یان هەیە؟ ئەگەر هەیە جۆرەکەی چییە، مەبەستم لە شاهیدی خواوەندی دلفیە.

بەبێ گومان ئێوە دەزانن کە (شرینون) هەر لە منداڵییەوە برادەرمە، برادەری ئێوەشە لە دوورخستنەوە و دواتریش لە گەڵتان هاتەوە ، دەزانن کە شرنیون هەست راستگۆبوو لە هەر شتێک کە دەیکرد، دەچوو بۆ پەرستگای(دلفی) و ژنە شوانێک بە جورئەتەوە لێی دەپرسی، دەگەڕێمەوە دەخوازم پێملێنەبڕن ئەو شوانە لێی پرسی کە کەسێک هەیە لەو زاناتربێت، بەمەبەست وەڵامیدایەوە کە لە نێوان پیاواندا نییە فەزڵی زانابیەکەی بدات بەسەرمدا، شریفون مرد، بەڵام براکەی لە دادگایکردندایە لە نێوانماندا و پشنگیری راستی ئەو شتانە دەکات کە دەیگێڕمەوە.

ئەم هەواڵەتان پێڕادەگەیەنم؟ چونکە دەمویت ئەوتان پێبڵێم کە بەهۆی باسکردنەوە بەسەرمدا هاتووە، کاتێک وەڵامی ژنە شوانەکەم بۆ هاتەوە، بە خۆمم وت((مەبەستی لە خواوەند چییە لەمەدا؟ ئەوە کۆدێکە لە واتاکەی نەگەیشتم، من دەزانم ئەوە حیکمەتی کەم و زۆری لانیە، ئەی مەبەستی چییە لەوەی کە دەڵێت من حوکمی خەڵکی دەکەم؟ لەگەڵ ئەوەی ئەو خواوەندە موستەحیلە درۆبکات، چونکە درۆ لەگەڵ سروشتیدا نایەتەوە، بۆیە بیرمکردەوە لە مێشکمدا دەهات و

دەچوو، ئاوەکو واکار ئەواوبوو بەرێگەیەک ئەئوانم شتێکی لەبارەوە بڵێم ، سوور بووم هەر لەسەر ئەوەی بەدوای یەکێکدا بگەڕێم کە رابەرایەتیم بکات، ئەگەر بەڕێکەوت بینیم رێگەم بەرەو خواوەند گرت، ئاوەکو ئەوەی پێبڵێم ئەوە پیاوێکە لە حیکمەتدا زۆر لە من گەورەترە، بڕیارم داوە خەڵکی بەڕێوە ببەم.

لەبەرئەوە مەبەستم لە پیاوێکی سیاسی بوو ( پێویست ناکات ناوی بێنین)، بە هۆی حیمەتەکەیەوە ناسراوە، ئاقیکردنەوەی کرا و ئەم ئەنجامەشی بەدەستهێنا، هەرگیز دڵنیا نەبووم لەگەڵی لە قسەکردندا ئاوەکو گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە حەکیم نەبوو، لەگەڵ ئەوەی خەڵکێکی زۆر شایەتی حەکیمیان بۆ دەدا.

لەگەڵ ئەوەی کە خۆی لە حکمەتەکەی دەیزانی ،شاهیدی شاهیدەکانی لە غروریدا ئێپەڕان، هەوڵمدا قەناعەتی پێبکەم ئەگەر خۆی بە حەکیم بزانێت، ئایا بەراستی حەکیم نەبووە، ئەمە وایکرد لێم توڕەبێت ، ئەوانەی کە دیمەنەکەیان نەبینی و گوێیان لە قسەکان نەبوو هانیان دا کە توڕەبێت ، بە جێمهێشت و بە خۆمم وت ئەگەر دەمزانی هەردووکمان هیچ نازانین لە چاکەو جوانی، من لە ئێستادا لەو باشترم، چونکە من بانگەشەی زانست دەکەم و ئەویش هیچ نازانێت، بەڵام من نازانم و حەزیش ناکەم بزانم، لەوانەیە لەمەدا ئۆزیک لەو باشتربم، هەندێک شتی رابردوویم خستەڕوو لە بانگەشەی لە فەلسەفەکەی و لەگەڵیدا گەیشتمە هەمان ئەنجام، ئەوی تریش گەڕاندمیەوە و خەڵکێکی زۆر پشتگیری هەڵوێستەکەیان کرد.

سوێندتان بۆ دەخۆم ئەی خەڵکە ئەسینا کە من لەسەرمە تەنها راستی بڵێم و بەس، کۆتاییم هێناوە لە گەڕان بەدوای ئەوەی باسمکرد، ئەگەر بەناوبانگترین خەڵکی ببینمەوە کە زۆرترینیان بێعەقڵ بن، سودفەی ئەوانەم کردووە کە بەبێ ئەوەی پلەیەکی وایان هەبێـت، پیاوانێک سکاڵایان لەسەر فەلسەفە هەبوو، کەچی سکاڵایان لەسەر ئەمانەنەبوو، باسی گەڕانەکانتانم بۆ دەکەم لەگەڵ ئەو ئازارەی کە چەشتومە بۆ هێنانەدی ئەوەی کە ژنە شوانەکە وتی، وازم لە پیاوانی سیاسی هێناو رومکردە شاعیرەکان ،ئیدی شاعیری تراژیدی بن، یان گۆڕانی حەماسی، یان لە هەر پۆلێنێکی شیعریی کە ئێوە بتانەوێت ، بەخۆمم وت بێگومان ئەم کارە

ئاشکرایە لای شاعیرەکان و بە ئازاردانیان دەبمە نەزانترین کەس، کۆمەڵێکی دیاری خاوەن قەڵەم کۆکردەوە و ئەوەم بۆ رونکردنەوە، تابتوانم شتێکیان لێوەربگرم، ئایا بڕوا بەوە دەکەن کە ئەیڵێم؟ شەرمیانکرد خەریکبوو شەرم لەو قسانە بکەم کە کردمن، ئەگەر ناچار نەبوومایە، کەسێک لە نێوانیاندا نییە کە نەتوانێت لە شیعرەکانیدا شتێک لەوەی کە رێکیدەخەن بڵێن، بۆیە یەکسەر زانیم شاعیرەکان فەلسەفە لە شیعرەکانیاندا ناخەنەروو، بەڵکو قەدیس و پێشبینیکەران وان کە ئایەتی جوان دەڵێن و واتاکەی نازانن، بەم شێوەیە شاعیرەکانم بینی، هەروەها ئەوەشم بینی کە ئەمانە وادەزانن فەلسەفەیان هەڵگرتووە، لەگەڵا ئەوەی خاوەنی نین، هەرچەندە شاعیریەتیان بەهێزە.

گەنجە دەوڵەمەندەکان کە سەرقاڵیەکانی ژیان گومانیان بۆ دروستناکات و بەردەوام بەدەوریدا کۆدەبوونەوە، بۆ ئەوە هاتوون کە ئەو حاڵەتە ببینن، ئەوانەش کە رۆڵی خۆیان دەبینی کەسەکانیان دەبینی، بۆئەوەی هەمان ئەزمون بۆ خۆیان بیکەن، زۆربەی ئەوانەی کە سوتفەی پیاوانیان کردووە لە خۆیان گومانیان دەبرد کە زانستی پێیە، لەگەڵ ئەوەی تەنها شتێکی کەمیان دەزانی، یان ئەوان هیچیان نەدەزانی، ئەوانەش کە تاقیانکردنەوە تورەی خۆیان دەربڕی و خۆیان بەراست دەزانی لەسەر ئەم تورەبوونە، نەعلەت لە سوکرات دەکەن، چونکە لاوەکانی خراپ کردووە، ئەگەر کەسێک پرسیاریان لێبکات بۆچی ئەم نەعلەتە وەڵامێکی وایان نەدایەوە، چونکە هۆکارێکیان دەسنەکەوت بۆ ئەو تورەبوونەیان، هەوڵدەدەم دیفاع لە خۆم بکەم لەوەی کە ئەم تیمە نوێیە تاوانبارکردم (ملیتس نوێنەری شاعیرەکان، ئەنیتس نوێنەری پیشەوەران و سیاسیەکان ، لیقۆن نوێنەری وتاربێژەکان ) ئەوانە دەڵێن سوکرات کاری بۆ رەزالەت ، گەندەڵکردنی لاوان، کافرکردنی خواوەندی وڵات و پەرستراوێ هەبوو کە خۆی بۆ خۆی دروستیکردبوو.

ئەمانە سکاڵاکانیان بوون، ئامانجمان گفتوگۆکردنیەتی بە چڕوپڕی ، لەگەڵ ئەوەی بەم شێوە تاوانباریان کردوم، بۆیە خەڵکی ئەسینا ، لەبارەی (ملیتس) من بڕیاردەدەم کە ئەو خاوەنی رەزیلەتیە ، ئەو ئەوە نابینێت کە خەڵکی بەرەو گۆڕەپانی بڕیاردان دەبات، لەبەرئەو حەماسە دروستکراوە و ئەو گرنگیدانەی ناچارکراوەی بەو کارانە کە کێشەی ئەو نییە، بەڵگەش لەسەر راستی قسەکانم

دەخەنەڕوو.

– ملیتس لێم نزیک ببەوە ،تاوەکو پرسیارێکت لێبکەم، ئایا زۆر بیردەکەیتەوە لە چاکسازی کردنی گەنجان؟

– بەڵێ دەیکەم.

– کەواتە بە دادوەرەکان بڵێ کە کێ چاکسازی لاوانە ، دەبێت تۆ زانا بیت بەمە مادام زەبرت کێشاوە لە ئاشکراکردنی هۆکاری گەندەڵبوونیان، کەواتە قسە بکە و بە دادوەرەکان بڵێ کێ چاکسازی لاوانە، ناتوانم بتبینم ملیتس، دوودڵا مەبە لە وەڵامدانەوە؟! ئفلیس ئەمە بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە ، پشتگیری ئەوەی باسکراوە دەکات، بەوەی کاری گەنجان کێشەی ئەونییە، قسەبکە ئەی هاوڕێ، باسی لاوانمان بۆ بکە.

– بریتیە لە یاساکان!

– بەڵام نەک ئەویاسایانەی کە پێوەی ناڵاندی گەورەم.

– دەمویست ئەو کەسە بناسم کە یاساکانی دەپاراست پێش هەموو شتێک.

– ئایا دەتوانی لە دادگا دادوەر ببینی ئەی سوکرات.

– دەتەوێت چی بڵێیت ئەی ملیتس، مەبەستە بڵێی دادوەرەکان دەتوانن لاوان فێربکەن و چاکیان بکەن؟

– گومانم نییە کە ئەوان وان

– ئایا هەموویان وان، ئەمە هەواڵێکی خۆشە، کەواتە هۆزێکی چاکسازی هەن ، ئایا چی بڵێین؟ ئایا ئەوان گەنجان چاک دەکەن.

– بەڵێ ئەوان دەیکەن.

– ئەندامانی شوراش وان؟

ئەی ئەسینیەکان پێممەبڕن و گوێم لێبگرن ، بەڵێنتان پێدام تاوەکو کۆتایی گوێم لێبگرن، ئەگەر چاکەی بۆتان هەبوو، دەمەوێت ئەوەی لامە پێتان بڵێم، ئەگەر وایلێکردن بگرین، خوازیارم کە نەگرین، ئەمەوێت بە راشکاوی پێتانبڵێم ئەگەر نەتانخاتە سەر مردن، توشی زیانتان دەکات زیاتر لەوەی توشیکردوم، ملیتس و ئەنتیس ئازارم نادەن، لەبەرئەوەی ناتوانن، چونکە سروشتی شتەکان وایە کە ئازاری پیاو خراپ بدات کە لەو چاکسازتر بێت.

**سوكرات لە بەندینخانەدا**

دوای تـەواو بوونی دادگایی سوكراتْ، دادگـا بڕیاری مردنی بەسەر سوكراتدا دا و چووە بەندینخانە ،بۆ ئەوەی چاوەڕێی جێبەجێكردنی بڕیاری لە سێدارەكەی بێتْ، بە پێی ئەو ڕێورەسمەی كە لە ئەسینا هەبوو، هەروەها جێبەجێكردنی حوكمەكە بە خێرایی، بەڵام ڕۆژی پێشتر بۆ دەركەوتنی سوكراتْ لە بەردەم دادگادا، هەروەها یەكەم ڕۆژی سەفەری ئەو وەفدەبوو، كە خەڵكی ئەسینا ڕاهاتبوون لەسەری بە ناردنی لە هەموو ساڵێكدا بۆ (دیلوس) مەبەستیان لەم ئاهانگە درێژەدان بوو بەیادی (تسیوس) كە ئەسینای لە دانی باجی ساڵانە ڕزگاركرد، كە كوڕ و كچە لاوەكان دەیاندا وەک قوربانی خۆراک بۆ(مینتور الكریتی) ئەو كاتانە سزای مردن بەسەر تاوانباردا بە درێژای ئامادە نەبوونی كەشتی دەوڵەتْ لەو گەشتەدا جێبەجێ نەدەكرا ، ماوەی ئامادەنەبوونیشی لەو ساڵەدا ماوەیەكی زۆر بوو، بۆیە سوكراتْ ماوەی مانگێک لە بەندیخانەكەیدا مایەوە.

لە ڕاستیدا وا چاوەڕوان دەكرا جێبەجێكردنی بڕیارەكە بەسەر سوكراتدا دوابكەوێتْ ، لەوانەش بوو دوژمنەكانی سوكراتْ بە نهێنی بڕیاری كارئاسانی بۆ هەڵهاتن لە بەندینخانە و لە وڵاتیان بۆ دابێتْ، بۆیە شوێنكەوتەكانیشی هەوڵی ئاسانكردنی ئەم كارەیان دا، بەڵام سوكراتی حەكیم زۆر بەسەربەرزی ڕەتیكردەوە كە بەندینخانە جێبهێڵێتْ، ئەگەر ئەنجامەكەشی هەرچیەک بێتْ و هیچ شتێكی لەسەر نییە جگە لە جێبەجێكردنی یاسای دەوڵەتْ و بە پێویستی دەزانێتْ ڕێزی لێبگرێتْ، ئەگەر بڕیارەكەش زاڵمانەبێـتْ.

ئاسایی بوو كە خوێندكار و شوێنكەوتوانی لە بەندینخانە سەردانیان بكردایە ، وەک دواین دیدار و ماڵئاوایی لێكردن و پێش ئەوەی ئەو ڕوناكیە بكوژێنەوە كە عەقڵا و دەروونەكانی ڕوناككردەوە و چەندین بیری عەقڵانی و عیرفانی پێشكەشكردن ، بەمەش كارێكی سحرئامێزی لە خۆیان و وەچەكانیان كرد.

لە ساڵی 399 پ.ز كاتێک سوكراتْ لە ژورەكەیدا بوو لە بەندینخانەی وڵاتی ئەسینادا، پێش هەڵهاتنی خۆر بەنیو كاتژمێر سائێک كە تاریكی خۆی لە ژورەكەیدا دەپێچایەوە، ئەگەر ڕوناكی چرا فتیلەكە نەبووایە، پشتیەكەی نابەدیوارەكەوە لە

پاڵیدا مێزێک هەبوو ،کە چرایەکی لەسەر بوو، سوکرات بەهێواشی و دڵنیایی لەسەر رایەخەکەی راکشا، لەلای قاچیەوە هاوڕێ خۆشەویستەکەی(ئەقریتۆن) لەسەر کورسیەکی تەختە دانیشتبوو، سوکرات خەوبردبوویەوە و جارجار خەبەری دەبوویەوە کە برادەرەکەی بینی پێیوت تۆ لێرەی ئەقریتۆن ؟ بێگومان کات هێشتا زووە؟

ئەقریتۆن: بەڵێ وایە

سوکرات: بەدڵنیایی چەندێک؟

ئەقریتۆن: لە سەرەتای هەڵهاتنی خۆردا.

سوکرات: سەیرە چۆن پاسەوانەکە رێگەی پێدایت بێیتە ژورەوە

ئەقریتۆن: ئەی سوکرات ئەو دەمناسێ، چونکە زۆرجـار هاتووم، جگەلەوەش بەسەریەوە هەمە

سوکرات: هەر ئێستا هاتی

ئەقریتۆن: نەخێر زوتر هاتوم

سوکرات: ئەی بۆچی بێدەنگ دانیشتووی، پێویست بوو زوتر خەبەرم بکەیتەوە؟

ئەقریتۆن: بەراست ئەی سوکرات من ئەو مافەم بە خۆم نەدەدا، بەڵام سەرسام بووم کە لە خەوێکی بێدەنگدا بوویت، بۆچی دەتوویست خەبەرت بکەمەوە، دەمویست لە خەم دووربیت، بەردەوام دەمناسیت دڵخۆش بوویت و مەزاجێکی لەسەرخۆت هەبوو، بەڵام نەمزانی زەمانە دژت دەوەستێنەوە.

سوکرات:ئەی ئەقریتۆن ئەوەی کە لە ژیاندا بەسەرت بردووە، نابێت لە تارمایی مردن بترسیت

ئەقریتۆن: هاتووم هەواڵێکی ناخۆشت پێبڵێم، نەک هەر بۆ تۆ، بەڵکو بۆ هەمووومان، ئێمە هاوڕێتین.

سوکرات: چیيە، وادەزانی گەڕانەوەی کەشتیەکە لە دیلوس و گەیشتنی واتە نزیکبونەوی مردنم؟

ئەقریتۆن: نەخێر جارێ سەفینەکە نەگەڕاوەتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەمڕۆ بگەڕێتەوە، چونکە خەڵکانێک پێیانراگەیاندوم کە لە (هۆنیۆم)ەوە هاتوون کە لە

پشتیەوەن، کەواتە بەیانی دوارۆژی ژیاننە ئەی سوکراتْ.

سوکراتْ: بەخێر بێیتْ ئەی ئەقریتۆن ، ئەگەر ئەمە خواستی خوابێتْ بەخێربێتْ ، بەڵام بڕوامایە کارەکە رۆژێکی تر دوادەکەوێتْ.

ئەقریتۆن: کێ ئەم هەواڵەی پێدایتْ؟

سوکراتْ: ئەوە هەواڵەکەیە، من چارەنوسی خۆم رادەگەیەنم لە رۆژی دوای گەڕانەوەی سەفینەکە.

ئەقریتۆن: بەڵی هەر باسی ئەمەیان دەکرد کاربەدەستان.

سوکراتْ: بڕواناکەم کەشتیەکە بەیانی بگاتْ، ئەمە دەزانم بەهۆی ئەو خەوەی کە دوێنی شەو بینیم، بەڵکو ئێستاش بینیم لە بەختنام کە بەجێی هێشتم خەوتبووم.

ئەقریتۆن: خەوەکەتْ چۆن بوو؟

سوکراتْ: بەشێوەی ژنێکی جوان هاتْ بۆ لام ،جلێکی سپی لەبەردابوو، پێیوتم ئەی سوقراتْ لەم رۆژەوە پاش سێ رۆژی تر دەچیتْ بۆ دنیای کۆتایی.

ئەقریتۆن: بەراستی خەوێکی سەرسوڕمان ئامێزە ئەی سوکراتْ

سوکراتْ: واتاکەی ئاشکرایە ئەی ئەقریتۆن و جێگای گومان نییە.

ئەقریتۆن: بەڵێ وایە، بەڵام ئەی سوقراتی بەڕێز رێگە بدە باجارێکی تر لێتْ بپاڕێمەوە ئامۆژگاریەکەم وەرگرە و هەڵبێ، چونکە ئەگەر مردنی تەنها هاوڕێکی دڵسۆز لە دەستْ نادەم، بەڵکو لەدوای ئۆ توشی شەڕ دەبم، دواتر خەڵکی دەزانن ئەوانەی کە ناتناسن و من ناناسن، ئەوەیان بۆ دەردەکەوتْ تا دەمتوانی رزگارتْ بکەم ئەگەر مەبەستم بووایە و پارەم بدایە.

سوکراتْ: بۆچی ئەم گرنگیدانە بەهۆی قسەی ئەوانە ئەی خۆشەویستم ئەقریتۆن، کۆمەڵێکی باش دەبینی کە بۆچونیان گونجاوە لەگەڵا ئەم واقیعەدا و ئەوەش شیاوی حساب بۆ کردنە.

ئەقریتۆن: دەبێتْ حساب بۆ قسەی ئەو خەڵکە خراپە بکەین، چونکە دیاردەیەکە لە دۆزەکەتْ.

سوکراتْ: خۆزگە دەیانتوانی ئەی ئەقریتۆن، کە خۆزگەم دەخواستْ و ئەگەر بیانتوانیایە بیانکردایە چاکەی گەورەیان دەکرد، بەڵام ئەوان شکستیان

خواردە لە کردنی چاکە و خراپە  و هەرچی دەکەن بە سودفە دەیکەن.

ئەقرینۆن: راستە و لەمەدا گرفتم نییە، گوێ بەوە مەدە ئەگەر رابکەیت زیان بە من و هاوڕێکانت دەگەیەنیت، دڵنیابە لە هیچ ناترسین و لەسەرمانە موجازەفە بەوەوە بکەین تارزگارت بکەین، بەس رازییە.

سوکرات: بەڵێ ئەی ئەقرینۆن ئەوەی باسمکرد هەموو ئەوە نییە ،کە لێیدەترسم، لەوانەیە لایەنێکی بێت

ئەقرینۆن: مەترسە کەسێک هەیە لەم بەندینخانەیە دوورتبخاتەوە و ئەوەندەش لەسەریان ناکەوێت و ئەوانەی تریش بە پارەیەکی کەم رازیدەکرێن، ماڵەکەم هەمووی لە ژێر فەرمانی تۆدایە و وابزانم ئەمەش بەسە ، بەس بڵێ هەمووی خەرجدەکەم.

سوکرات: ئەی بەڕێزم ئەقرینۆن هەست بەسووربوونت دەکەم، ئەگەر لایەنگری راستی بیت، بەڵام ئەگەر بۆ خراپی بێت تا حەماسەکە زیاتر بێت کارەکە ئاڵۆزتر دەکات، باسەیرکەین ئەگەر ئەم کارە واجب بێت، ئەوا من دەمێکە ئەمە دەکەم و لە سروشتی منە کە پەیوەست بم بە بەڵگە عەقڵیەکانەوە و ئەمەش بەردەوام بۆچونی من بووە.

ئەقرینۆن: گومان لەوەدا نییە.

سوکرات: ئەوەی چاکەمەکان دەیبینن و دەیڵێن چاکەیە و ئەوەی جگە لەوان دەیڵێن خراپە و شەڕە؟

ئەقرینۆن: گومانی تێدا نییە.

سوکرات: باسەیری شتێکی تر بکەین کە جگەلەم باسە وترابێت، ئایا داوا لە خوێندکارێکی مەشقە جەستەییەکان دەکەین گوێ لە ناوزراندن و پیاهەڵدان و گوێ لە هەموو مرۆڤەکان بگرێ، یان دەبێت گوێ لە یەک کەس بگرێ، کە ئەویش دکتۆر یان راهێنەرەکەیەتی، ئیدی لە هەرکوێیە بێت.

ئەقرینۆن: تەنها دەبێت گوێ لە بۆچونی کەسێک بگرێت.

سوکرات: ئایا دەتوانیت بژین و جەستەمان شەڕ و گەندەڵ بووبێـت؟

ئەقرینۆن: نەخێر، ئەمەش گومانی تێدا نییە.

سوکرات: ژیان چاکەیە و یەکسانە بە دادوەرییەکی پاک ، ئایا راستە؟

ئەقرینۆن: بەڵێ ئەوە راستە.

سوکرات: ئەگەر زیانێکمان پێگەیەنرا، ناکرێ بەهەمان زیان وەڵامبدەینەوە، وەک زۆرێک لە خەڵکی بۆیدەچن، چونکە ناکرێت زیان بە خەڵکی بگەیەنین.

ئەقرینۆن: روونە کە ئەمە نابێت.

سوکرات: ئایا بۆمان دروستە خراپە بکەین ئەی ئەقرینۆن؟

ئەقرینۆن: هەرگیز ناگونجێت ئەی سوکرات.

سوکرات: بۆچونت چییە لەسەر وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە، ئەوە ئاکاری ئەو ، ئایا ئەمە دادپەروەریە یان نا؟

ئەقرینۆن: ئەوە دادپەروەری نییە.

سوکرات: کەسێک توشی شەڕ مەکە وەک ئەوەیە توشی زیانت کردبێت.

ئەقرینۆن: زۆر راستە.

سوکرات: دەچینە هەنگاوی دووەمـــەوە و لەم شێوەی پرسیارەوە رونیدەکەمەوە ئایا پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەوەی دەیبینێت بیکات یان پێویستە لەسەری راستی خراپ بکات.

ئەقرینۆن: پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەوە بکات کە وادەزانێت راستە.

سوکرات: ئایا جێبەجێکردنی ئەمە ئەگەر راست بێت؟ ئایا زیان بە کەسێک ناگەیەنم ئەگەر بەندینخانەم جێهێشت جگەلە ئیرادەی ئەسینیەکان؟ یان بە شێوەیەکی راستر ئایا هەڵە بەرامبەر بە مافی ئەو خەڵکە ناکەم کە دەبێت لە هەڵەوە دووربن؟ ئایا  جێبەجێکردنی ئەو بنەما و پرەنسیپانە کە وەرمانگرت بە دادپەروەری لەم بارەوە چی دەڵێیت؟

ئەقرینۆن: نازانم ئەی سوکرات و ناتوانم شتێک بڵێم

سوکرات: ئایا ناڵێیت بە یەکجار بیر لە ژیان و منداڵ مەکەرەوە لە کۆتاییشدا لە دادوەری ، بەڵکو بیر لە دادوەری بکەوە، یەکەمجار ئەمە ئەو دەنگەیە کە لە گوێمدا دەزرینگێنەوە، وەک چۆن ئاوازەکان لە گوێی سۆفیەکەدا دەزرنگێنەوە و ئەمەش وادەکات گوێم لە هیچ دەنگێکی تر نەبێت، دەشزانم ئەوەی دەیڵێیت دوای ئەوە لەگەڵا شەپۆلەکانی بادا دەڕوات، لەگەڵا ئەوەشدا چی هەیە بیڵێ.

ئەقرینۆن: هیچ شتێكم نییە بیڵێم ئەی سوكراتْ.
سوكراتْ: كەواتە دوای ئەو پێشنیازانە بكەوە كە ئیرادەی خوا دەیەوێتْ.

**پەراوێزەكان:**

1- قصه الفلسفه، دیل دیورانتْ، ترجمه: الشیبانی ص57-58
2- قصه الفلسفه، دیل دیورانتْ، ترجمه: الشیبانی ص60
3- قصه الفلسفه، دیل دیورانتْ، ترجمه: الشیبانی ص61
4- قصه الفلسفه، دیل دیورانتْ، ترجمه: الشیبانی ص63
5- افلاتون، احتجاج سوكراتْ على اها اپینا،ص16
6- افلاتون، الجمهوریه/ م/ص337
7- افلاتون: ئیتیاتوس، ص149-152